Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

له نامه‌كانی

# سوهره‌وه‌ردی

## شێخی ئیشراق، شێخی شه‌هید

ئاماده‌كردن و وه‌رگێڕانی: هۆشه‌نگ شێخ محه‌مه‌د
پێداچوونه‌وه‌ی زمانه‌وانی: باسل صابر خۆشناو

كوردستان – 2008هه‌ولێر

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

# وەك پێشەكی:

ئەدۆنیس لە گوتارێكیدا بەناوی (**روحانيية الخيال القوطی**) دەڵێ: "وەك فرۆید دەڵێ، ناتوانین بیرۆكەی خوا بكوژین. بەڵام دەكرێ تێگە و جۆری تەماشاكردنی بگۆڕین "كە سۆفی و زۆرێك لە شاعیران و بیرمەندان و فەیلەسوفەكانی كۆمەڵگەی ئیسلامی وایانكردووە. دوای ئەوەی دیتنی وەحدانییەتی یەهودی و مەسیحی بە شێوەیەكی گشتی دوای ماوەی چاخەكانی ناوین گۆڕا، ئەم گۆڕانكارییە، لە دینی ئیسلامیدا رەتكرایەوە و تا ئێستاش رەتیدەكاتەوە، سۆفی و شاعیران و فەیلەسوفەكان بە گشتی بە كفر و لە رێلادەر و بێباوەڕی تاوانبار دەكات.

بەڵام ئایا سۆفییەكان خۆیان چی دەڵێن؟ دیسان ئەدۆنیس لە زاری سۆفییەكانەوە و لە پێش هەموویشیان (جەلالەدینی رۆمی) دەڵێ: " ئەوان لە سرووشی ئیسلامییەوە هزرەكانیان هەڵدەبڕن، بەڵام بە تێگەیشتنێكی دیكە، كە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دیتنێك، كە ئیسلام تیایدا جودایە لە دیتنی سەلەفی ئسولی."

بەم شێوەیە لە سۆفی و شاعیر و فەیلەسوفەكانەوە كرا بگووترێت كە ئیسلام تەنیا بەناو یەكشتە، ئەم ناوە زۆر جۆری ئیسلامی دروستكرد، ئیسلام لە فۆرمە سونییەكەی، ئیسلام لە فۆرمە شیعییەكەی، و ئیسلام لە فۆڕمە سۆفی و شعرییەكەی.

* * * * * * *

سوهرەوەردی وەك سۆفی و فەیلەسوفی فەلسەفەی ئیشراق، كە خۆی دامەزرێنەرییەتی، یەكێكە لەو سۆفی و شاعیرانەی بە شێوەیەكی دیكە تەماشای دین و ئیسلام و هزر و خودا و رووناكی و هەبوونی كردووە، كەسێكە كە لە دواجاردا دەبێتە قوربانی بیری ئازاد و دەنگی نەترساوی خۆی، لە سەردەمێكدا كە هزری ئیسلامی لە زۆر لاوە تووشی ململانێی ئەو فۆڕمانە بوو بۆ خوا و ئیسلام و هزر و ئازادی.

* * * * * * * *

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دین و دەسەڵات کە بەردەوام لە ئیسلامدا پەیوەندییەکی بەهێز و بە تین لە نێوانیاندا هەبووە، لەگەڵ ململانێی دەسەڵات و هزری باو و ئەو کەسانەی ویستویانە ئازادانە بڕواننە خودا و دین و هزر و فەلسەفە و ژیان و هەبوون، پەیوەندییەکی خوێناوی و ئاگراوی هەبووە، خوێناوی لەکوشتنی شاعیر و سۆفی و فەیلەسوفەکاندا، ئاگراویش لە سووتانی کتێب و کتێبخانە و نووسراوی ئەو شاعیر و سۆفی و فەیلەسوفانە.

* * * * * * * *

کوشتنی حەلاج و کوشتنی سوهرەوەردی دوو رووداون لە دنیای هزری ئیسلام و فۆرمە سۆفیگەرییەکەی، کە زۆر لە نووسەران و رووناکبیران پێیان وایە دوو کوشتنی بێ وێنە و سەرپەڕن لە تاوان و کوشتنەکانی دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا، کە یەکەمیان لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسی(موقتەدەر باللە) لە ساڵی(922 زاینی)، دوومیشیان لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ساڵی (1191 زاینی) ئەنجامدراوە. بەناوی کفر و زەندەقە و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و خراپکردنی بیری گەنجان و خەڵکی موسڵمان و دەرچوون لە ڕێساکانی دین.

* * * * * * * *

دیسان وەك ئەدۆنیس دەڵێ: (ئەمە شۆڕشێك بوو لە ناو ئیسلامدا لە هەمان کاتیشدا شۆڕشێکی مەعریفی بوو کە لە ئەرسۆدۆکسییەتی ئیسلامیدا جێگەیان نەدەبۆوە و بە شێوەیەکی توندیش رەتدەکرایەوە)، دیارە مەعریفەی سۆفی و شاعیر و فەیلەسوفەکان بە تەنیا مەترسی نەبوو لەسەر خودی (خوادا) ، بەڵکو مەترسییەکەی بۆ خودی ئیسلام و دین و ئەو دەسەڵاتانە بوو، کە پاوانی (هەقیقەت)یان کردبوو، هەقیقەتێك کە لە نمایشی خۆیدا، بناغەکەی بێدەنگکردن و نەبوونی هەقیقەتی دیکە بوو، بێدەنگکردنی ئەویدی بوو.

* * * * * * * * *

قسەکردن لە خودا، دین و پیرۆزی، لە فۆرمە سۆفیگەرییەکەیدا، بناغەیەك بوو بۆجیاکردنەوەی ئەم ناوانە لە یەکدی، (خودا، دین و موقەدەس) وەك چۆن بناغەیەکیش بوو بۆ جۆرە تەفسیرێکی دیکە بۆ پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و خوا، دین و پیرۆزیدا. کە ئەم راڤە نوێیانەش پێویستییان بە پرسیارکردن هەبوو، کە سەر لە نوێوە لەو پەیوەندییانە بکۆڵێتەوە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پەیوەندییانەش، ئازادی ئەو پرسیارە گەورەیە بوو کە لە دین دەکرا "ئەگەر دین سەرەتا ئازادیمان نەداتێ ئەی چی؟" ئەوەبوو سۆفییەکان بە رۆحی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ئازادیانەوە توانییان جۆرەها پرسیار بجوڵقێنن و وابکەن کە زۆرانێکیش بپرسن "ئەمانە وامان لێناکەن کە جارێکی دیکە پرسیار لە دووبارە خوێندنەوەی جەوهەری شەریعەت بکەین؟"

* * * * * * * * *

بەرێزم، خوێنەر!

ئەو پەرتووکەی بەردەستت گەڕانێکی کورتە بە ناو هەندێ لە نووسینەکانی سوهرەوەردی، کە ئەویش وەکو دەیان سۆفی و فەیلەسوفی دیکە هەوڵیداوە خۆی دەستنیشانی پەیوەندی خۆی و خوای خۆی بکات، خۆی بڕیاردەری ئەو پەیوەندییە بێت و لە فۆرمێکی تایبەتدا دایبرێژێتەوە، کە ئەویش فۆرمی فەلسەفەی (ئیشراقە).

دەبێت ئەوە بڵێم سەرەتای ناسینم بۆ ئەو فەیلەسوفە دەگەڕێتەوە بۆ برادەری ئەزیز (هەندرێن حەمەدەمین) کە وایلێکردم بەدوای سەرچاوەکانی نووسین و ژیانیدا بگەڕێم، دواتریش لە ئەنجامی خوێندنەوەی هەندێ سەرچاوە کە هەر هەموویان لە سایتی جۆراو جۆری ئەنتەرنێتەوە بە زمانی عەرەبی و فارسی پەیدامکردن، بینیم دنیای ئەو سۆفییە لە زۆر ڕووەوە سەرنجڕاکێش و جێگەی بایەخە، بە تایبەتیش کە زۆر سەرچاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە کوردە و دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیشراقە و لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە کوژراوە.

ئەمانە وایان لێکردم کە لە گەڵ هەندرێن هەوڵدەم شتێکی لە بارەوە بنووسین و بەرهەمەکانی ئەوانەی دەستمان دەکەون وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی و بە کوردی پێشکەشی خوێنەرانی کوردی بکەین.

من لە لای خۆمەوە دەستم بە کار کردوو، لە سەرچاوەکانەوە بەردەوام شتی بە بایەخم لەسەر دەخوێندەوە، وەك ئەوەی کە کاریگەری بیرۆکەکانی گواستراوەتەوە بۆ ئەورووپا و کاری لە سەر شۆڕشی ڕۆشنگەری خۆرئاواوە هەبووە، یان هەتا هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کە ڕەنگە کاریگەری بیرۆکەکانی ئەو لەسەر (کۆمیدیای خواوەندی) دانتیش هەبێت.

ئیدی ئەمانە وایان لێکردم جگە لە وەرگێڕانی ئەو نووسین و نامانەی ئەو، شتێکیش ئەگەر کورتیش بێت لە سەر ژیان و ڕۆشنبیری و بەرهەم و فەلسەفەکەی ئامادەبکەم.

سەرچاوە عەرەبییەکان بە خۆم و سەرچاوە فارسییەکانیش لەگەڵ برادەرێکی دیکەی ئەزیز( هۆشەنگ کەرەم تاجر) کە بە سوپاسەوە لەگەڵم ماندوو بوو و بۆ ئەویش ئەو بابەتە بووە جێی سەرنج و لەگەڵ من و لە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

لای خۆشییەوە کەوتە پشکنینی سەرچاوە فارسییەکان و کۆمەڵێ زانیاری بە بەهام لە زمانی ئەوەوە بۆ کرایە کوردی.

لە ئاکامدا لە ئەنجامی هەوڵی ئەو ئەزیزانەدا،(هەندرێن حەمەدەمین و هۆشەنگ تاجر) ئەو بەرهەمە دروست بوو.

دواتریش برای خۆشەویستم مامۆستا باسل صابر، بە وەرگێڕانەکەدا چۆوە و لەگەڵ دەقە عەرەبییەکە بەراوردی کرد، زۆر بە باتەکەوە ماندوو بوو، و خزمەتێکی زۆری من و بابەتەکەی کرد بۆیە هەوڵەکەی و بەشداریکردنی لە باشترکردنی ئەم بەرهەمە جێگەی رێز و ستایشێکی گەورەیە.

ئیدی ئەم نووسینە کە تەنیا دەروازەیەکە بۆ جیهانی سوهرەوەردی بە کوردی، هەوڵی من و ئەم سێ بەرێزانەیە کە هیوادارم وەك سەرەتایەك سوودمەند بێت بۆ تۆی خوێنەر، بۆیە ئێستاش فەرموت لێدەکەم بۆ ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی بکەی.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# بەشی یـەکەم

## سوهرەوەردی

شێخی ئیشراق، شێخی شەهید،شێخی کوژراو، سەیدی زەمەن، موئەیەد
بە مەلەکوت

## ژیان و رۆشنبیری

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

# سوهرەوەردی، ژیان و رۆشنبیری:

شەهابەدین یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەك سوهرەوەردی، ناسراو بە شێخی ئیشراق،شێخی شەهید و زۆر نازناوی تر، بە گوێرەی سەرچاوە جۆراوجۆرە فارسی و عەرەبییەکان، لە ساڵی (546ی کۆچی بەرامبەر 1153 ی زایینی یان لە ساڵی 549 ی کۆچی بەرامبەر بە 1155ی زایینی) ، لە گوندی (سوهرەوەرد) ی سەر بە شاری زەنجان لە ئێران لە دایك بووە.

بە گوێرەی مێژوو شاری زەنجان لەسەر دەستی (ئەردەشێری بابەکان) دروستکراوە، لەو سەردەمەدا پێی گووتراوە (شەهین) کە لەناوی (شاهـ)ەوە وەرگیراوە. دوای چەندین سەدە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بووە بە (زەندیگان)، بەواتەی زیندەگانی ، بەواتەی ئەهلی کتێبی زیندە کە بەناوبانگترین کتێبی دینی زەردەشتی بووە، دواتریش لە سەردەمی ئیسلامیدا بووە بە (زەنگان) دواتریش بە (زەنجان).لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا چونکە شوێنێکی باش بووە بۆ کشتوکاڵ و چاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵ.زۆر هۆزی تورك نەژاد هاتوونەتە ئەو شارە و لەوێ و لە دەورووبەری نیشتەجێ بوونە. بەتایبەتیش لە دەشتی یان چیمەنی سوڵتانییە.

دواتریش کاتێك هێرشی مەگۆلەکان دێتە سەر ناوچەکە، شاری زەنجان و دورووبەری زۆر زیانیان پێ دەگات. بەڵام دواتر ئیلخانییە مەگۆلییەکان بایەخێکی زۆر بە زەنجان دەدەن.بە تایبەتی (سوڵتان محەمەد خودا بەندە) دوای ئەوەی بۆتە (شیعە) گرنگییەکی زۆری بەو شارە داوە.

شاری (خودابەندە) کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی زەنجان، هەردوو شاری (سوهرەوەرد) و (سەجاس)ی لێبۆتەوە. کە شەهابەدین سوهرەوەردی لەوێ دەرکەوتووە.

شاری زەنجان لە چاخەکانی دواتر شوێنی زۆر رووداوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبی بووە، وەك شۆڕشی (عەلی مەحەمەد باب)، تێکۆشانی ملوکەکانی تەوایفی و خەباتی مەشروتییەت و تێکۆشانی نێوان دەرەبەگ و دەمۆکراتەکان و هتد....

گوندی سوهرەوەرد گەلێ زانای ناوداری پێشکەش بە جیهانی ئیسلامی کردووە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

سوهرەوەردی ، سەرەتا لە گوندەکەی (سوهرەوەرد)کە گوندێك بوو لە نزیکی زەنجان و لە کۆنەوە خەڵکی ئەو گوندە چاندنیان دەکرد و مرۆڤی زانای تێدا هەڵکەوتبوون و پەیوەندییەکی توندیان بە زانستەوە هەبوو، هەر چەندە کاری سەرەکییان چاندن بوو بەڵام منداڵەکانییان ڕەوانەی خوێندنگە دەکردن بۆ خوێندن و فێربوون، سوهرەوەردیش هەر لە گوندەکەی دەستی بە خوێندن کردووە، و هەر لەوێش فێرە خوێندنەوە و نووسین بووە، خوێندکارێکی زیرەك بووە و مامۆستاکەی پێی دەڵێت کە تۆ توانای زۆرت هەیە بۆ فێربوون و حەیفە کە ئەو توانایە تەنیا لە سنووری ئەو گوندەدا بمێنێتەوە، بۆیە بە باوکی شەهابەدین ئەڵێت کوڕەکەت بنێرە (مەراغە) تا لەوێ بخوێنێت.چونکە من پێشبینی دەکەم ئەو کوڕەت ببێتە زانایەکی گەورە، باوکی شەهابەدینیش بەقسەی مامۆستاکە دەکات و دەینێرێتە (مەراغە). کە مەراغەش لەو کاتدا ، شارێکی گەورەی ئێران بووە.

لە مەراغەدا سوهرەوەردی لەگەڵ (مەجدەدین جیلی) خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات.دوای ئەوە ئەچێتە ئەسفەهان، لەوکاتەدا ئەسفەهان بنکەیەکی گرنگی زانستی بووە لە ئێراندا. سوهرەوەردی لە سەردەستی مامۆستای بەناوبانگ (زەهیرەدین قاری) تەواوی زانستەکانی ئەو سەردەمە فێر دەبێت.
لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، لە مامۆستاکەی خۆی بێنیاز دەبێت، چونکە شتێك نامینێت لێی فێر ببێت، سوهرەوەردی توانایەکی زۆری هەبوو بۆ فێربوون، تەنانەت زیاتر لە ئیبن سیناش کە وەك سەرچاوەکان دەگێڕنەوە کە ئیبن سینا لەتەمەنی (18) ساڵیدا تەواوی زانستەکان فێربوو، بەڵام شێخ شەهاب لەتەمەنی (16) ساڵیدا توانی تەواوی زانستەکان لای مامۆستاکەی تەواو بکات.

دوای تەواوکردنی خوێندنی، لەسەر عرفان ڕادەوەستێت و لەسەفەر و گەڕانەکانیدا لەگەڵ جەماعەتی سۆفییەکاندا دانوستاندن دەست پێدەکات و هەروەها بە تێکۆشانی دەروونی مژوول دەبێت.

هەر لەو تەمەندا واتە (16) ساڵیدا، لە کاتی خوێندن و لێکۆڵینەوەیدا لە ئەسفەهاندا، تێدەگات کە هەموو شتەکانی جیهان لە ڕووناکی پەیدابووینە، و ڕووناکی دەبەخشنە یەکدی.ڕووناکی بەخشینیش (ئیشراقە) و لەوێوە سەرەتای فەلسەفەکەی خۆی دەست پێدەکات.

جێی سەرنجە کە یەکێك لە دژبەرە گەورەکانی فەلسەفەی مەشائی (فەخرەدین ڕازی) لەو کاتدا لە ئەسفەهان لەگەڵ سوهرەوەردی خوێندووە، هەرچەندە ناوبراو لەگەڵ سوهرەوەردی دژایەتییەکی گەورەی هەبوو لە لایەنی زانستیدا، بەڵام لە دۆستایەتیدا برادەرایەتییەکی سەیریان هەبوو، لە دوای کوشتنی (سوهرەوەردی) بە چەند ساڵێك، کۆپییەك لە پەرتووکەکەی سوهرەوەردی بە ناوی (تەلویحات) دەدەنە (فەخرەدینی ڕازی) ئەویش کتێبەکە ماچ دەکات و فرمێسك لە چاوەکانی دەڕژێن.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

سوهرەوەردی هەر زوو دەستی بە خوێندن کردبوو و زووش پڕی مەعریفە بوو و  هەروەها زووش دەستی بە  نووسین کرد، بۆیە نووسەرێکی وەك "دكتۆر یوسف زێدان دەڵێت : "بۆیە سەیر نییە کە زووش کۆتایی هات "

سوهرەوەدی دوای تەواوکردنی خوێندنی فەرمیی، دەست بە گەڕان و سەفەر دەکات لە ناو ئێراندا، لەگەڵ زۆر لە شێخەکانی سۆفیگەریدا دادەنیشێت و گفتۆگۆ دەکات، و زۆر سەرنجی رادەکێشن. لە راستیدا لەو ماوەیەدا سوهرەوەردی رێگەی سۆفیگەری هەڵدەبژێرێت و ساڵانی تەمەنی لەو رێیەدا دەگوزەرێنێت.

گەڕانەکانی وردەوردە فراوانتر و دوورتر دەبن، دواتر روو لە ئەنادۆل دەکات و دەگاتە شام.

لەو سەفەرەدا لە شامدا پێشوازییەکی گەرم و گەورەی لێکرا و زۆر کەس بە هزرەکانی داخبار بوون. لە یەکێك لەسەفەرەکانیدا کە لە دیمەشقەوە چووە حەلەب. لەوێ گەیشتە دیداری مەلیك (زاهر) کوڕی سەلاحەدینی ئەیوبی. مەلیك زاهر کە حەزێکی گەورەی بۆ سۆفیزم و زانایانی سۆفیگەری هەبوو، کەوتە بن کاریگەری زانای گەنج و داوای لێکرد لە حەلەب لە لای ئەو بمێنێتەوە.

سوهرەوەردی کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ناوچەکە واتە حەلەب و دەوروبەری هەبوو، بە گەرمییەوە پێشنیارەکەی مەلیك زاهری قەبوڵ کردوو لە لای ئەو مایەوە.

سوهرەوەردی وتە و بیرو باوەڕەکانی بێ پەردە و بێ ترس دەخستنە روو. و بە شێوازێکی زۆر هۆشمەندانە و زیرەکانە دەیتوانی لەگەڵ هەر کەسێك قسە بکات و لە گفتوگۆکاندا بەسەریاندا زاڵ بێت. بە هۆی شارەزابوونی لە فەلسەفە و سۆفیگەریدا، گەلێ دوژمنی لە نێو ریزەکانی زانایانی دینیدا بۆ پەیدابوون. بەتایبەتیش ئەگەر بزانین کە لە حەلەبدا کتێبە بەناوبانگەکەی (حیکمەتی ئیشراق) تەواوکرد، و پێش تەواوکردنی کتێبەکە، هەندێ لەبەشەکانی (حیکمەتی ئیشراق)ی لە ناو زاناکانی حەلەبدا بڵاوکردەوە، و لەهەموو هەڵێکدا ئەیویست سوود وەربگرێت و بیری فەلسەفییانەی خۆی لە ناو زاناکانی حەلەبدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام زاناکانی شام و حەلەب، هەم وەك کەسێکی بێگانە تەماشایان دەکرد و هەمیش وەك (شیعەیەکیان) دەناسی.

ناکۆکییەکانی هزری سوهرەوەردی و زاناکانی شام و حەلەب گەیشتە رادەیەك کە ئەو وەك هەڵگەڕاوەیەك (مورتەدێك) لە ئیسلام دانێن و داوا لە مەلیك زاهر بکەن بیکوژێت.. بەڵام مەلیك زاهر داواکاریەکەی ئەوانی رەت کردەوە.چونکە مرۆڤێکی زانا و ئەدەبدۆست بوو، بەزاناکانی شام و حەلەبی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

گووت:(كە سوهرەوەردی، هەندێك بۆچوونی خۆی سەبارەت بە "حیكمەت" نیشانداوە، نەیگووتووە كە من پێغەمبەرم یان ئینكاری ئیسلام بكات، بۆیە من چۆن بیكوژم؟)

بۆیە ئەوانیش شكایەتەكەی خۆیان گەیاندە سەلاحەدینی ئەیوبی.كە ئەو كاتەش سەلاحەدین شای سوریا و میسر بوو، سەلاحەدینی ئەیوبی كە تازە سوریای لەدەست خاچپەرستەكان هێنابووە دەر، بۆ پاراستنی ئیعتباری خۆی زۆر پێویستی بە پشتگیری زانایانی دینی بوو، بۆیە گوێی بۆ داواكارییەكەی ئەوان شل كرد.
بۆیەشە فشاری كردە سەر كورەكەی (مەلیك زاهر) و ناچاری كرد كە سوهرەوەردی لە ساڵی (587ی كۆچی بەرانبەر بە 1191 ی زاینی ) بخاتە زیندانەوە.

شێخی ئیشراق لە زیندانەوە لە تەمەنی36 یان 38 ساڵیدا گیانی لەدەستدەدات.

تا ئێستاش شێوازی مردنی بەتەواوی دیار نییە، بەڵام چەند گێرانەوەیەك سەبارەت بە كوژرانی هەیە، لەوانە:لەسەر داوای خۆی مەلیك زاهر دەیخاتە زیندانییەك و داوا دەكات خواردن و ئاوی نەدەنێ تا دەمرێت، چونكە سوهرەوەردی بەوە ناسراوبووە كە توانای هەبووە بۆ ماوەیەكی زۆر خواردن نەخوات، و وەك ئاشكراشە برسیبوون یەكێكە لە رەفتارەكانی سۆفییەكان. گێرانەوەیەكی دیكە ئەوەیە كە لەسەر قەڵای حەلەبەوە فرێدرابێتە خوارەوە. بەڵام وەكئەوەی دیارە زیاترینی گێرانەوەكان لەگەڵ ئەوەدان كە شێخی ئیشراق لە ئەنجامی برسیبوونەوە مردووە.

بە تایبەتیش ئەگەر بزانین كە سوهرەوەردی، لە ژیانیدا وەك كەسێكی رووت و رەجاڵ و بێ بایەخدان بە خواردن و جلوبەرگەوە ژیاوە و گرنگی بەم شتانە نەداوە، و توانای هەبووە ماوەیەكی زۆر بێ خواردن بژیەت.وەك دكتۆر یوسف زیدان ئەڵێت:( سوهرەوەردی سۆفییەك بوو سەودای لەگەڵ پاشا و سوڵتانەكان نەبوو و بایەخی بە جلوبەرگەكانی نەئەدا، هەر كەسێك لەسەر شێواز و جلوبەرگەكانی رووبەرووی ببایەوە ئەوە شێخ ئەیگووت: " من بۆ ئەوە نازیەم تا جل بشۆم، كاری لەوە گرنگترم هەیە پێیەوە مژویل بم ")

سوهرەوەردی بە تایبەتی كە لە حەلەب لای مەلیك زاهر جێگیر دەبێت، ئەو سەردەمەدا، سەردەمی رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئیسلامەكان بوو لەگەڵ خاچپەرستەكان لە لایەك و هەروەها هێرشەكانی مەگۆلییەكانیش كە لە رۆژهەڵاتەوە دەهاتن مەترسییان زیاتر ئەبوو.

لە لایەكی دیكەشەوە هزری ئیسلامی لە تەماس و تێكەڵبوونێكی راستەوخۆ بوو لەگەڵ فەلسەفە و كاریگەرییەكانی یۆنانی و فارسی و هندی.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

کاتێك سوهرەوەردی لە حەلەب جێگیر بوو، لە مزگەوتی (ئەلحەلویە) نیشتەجێ بوو، لەو کاتەدا حەلەب بنکەیەکی گرنگی هزری دینی بوو، سوهرەوەردی توانی سەرنجی زانا دینییەکان بۆ لای خۆی راکێشێ، بەتایبەتی کە گەنجێك بوو پڕچەك بوو بە فەلسەفەی ئیدیالیانەی ئەفلاتۆن و ئیستدلالی ئەقلی ئەرستۆ. و دانایی جاماسپ و فرشادشێر و بزورجومهر و زەردەشت و ئەوانەی پێش ئەوان و لەگەڵ شارەزاییەکی زۆر گەورە و رەسەن لە هزری ئیسلامیدا بە تایبەتی لە هزری زونونی مسری و سوهێل کوڕی عەبدوڵڵاهی تەسەتوری و ئەبو یەزیدی بوستامی و مەنسووری حەلاج و ئەبو سەعیدی ئەلخێر، بۆیە زۆر نازناوییان بە بەردا کردبوون وەك (مؤید بالملکوت، سەیدی زەمەن) هەر بۆیەشە لە ئەنجامی ئەو زیرەکییەی خۆیەوە مەلیك زاهری کوڕی سەلاحەدین زۆری لە خۆی نزیککردەوە. کە ئەمەش دوایی بووە هۆکاری ئەوەی پیاوە دینییەکانی ئەوسای حەلەب رقیان لێ ببێتەوە و زوو سەری بخۆن، وەك هەندێ سەرچاوە دەڵێن پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە 36 یان 38 ساڵی.

چیرۆکی یان هۆکارەکانی کوشتنی سوهرەوەردی بۆ ئەو بیرانەی دەگەڕێتەوە کە ئەو لەسەر زانا و دانا نورانییەکان هەیبوو، چونکە سوهرەوەردی بڕوای وابوو کە دوو جۆری داناى نورانی هەن، یەکەمیان دانایەك کە لە لێکۆڵینەوەدا قوڵ بۆتەوە، دووەمیشیان دانایەك کە بە (تألە)(خواگەریی) دا شۆڕبۆتەوە.

ئەو خۆی بە درێژکراوەی زنجیرەی ئەو دانایانە دادەنا کە لە مێژوودا هەردوو میتۆدی لێکۆڵینەوە و (تالهیان)خواگەرییان گرتبووە بەر وەك ئەفلاتۆن. و ئەو پێشیوابوو کە ئەم دانایانە لە چینی دانا بەرزترەکانن. هەروەها لە هەمانکاتیشدا پێی وابوو کە پێغەمبەری ئیسلام کە بەناو لێکۆڵینەوەدا شۆڕنەبۆتەوە و لە خواگەریدا دا قووڵ بۆتەوە چونکە پەیامبەر و پێغەمبەر بووە ( رسول و نبی).

بۆیە کە دانا و زانا دینییەکانی حەلەب سەبارەت بە پێغەمبەر پرسیاری لێدەکەن، سوهرەوەردی بێدەنگ دەبێت.

بەڵام زاناکان بێدەنگ نابن، و پرسیارێکی بۆ دروست دەکەن، کە ئەم جۆرە پرسیارکردنە لە مەنتیقدا بە شێوازی ( شەرمەزارکردن– الاحراج) ناسراوە. بەو مانایایەی پرسیارێکی ئاوا بکەیت کە وەڵامەکەی هەر چییەك بێت کوشندە بێت، پرسیارەکەش ئەمەبوو: (ئایا خودا دەتوانێ لە دوای محەمەد پێغەمبەرێکی دیکە بنێرێت؟!)

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

لێرەدا ئەگەر سوهرەوەردی بەوە وەڵامیدابایەوە کە بەڵێ خوا دەتوانێ، ئەوە مەترسیداربوو، چونکە مەحەمەد دوا پێغەمبەری نێردراوی خوایە. ئەگەریش بڵێ نەخێر. بەم وەڵامەی سنوور بۆ هێز و دەسەڵاتی خوا دادەنێت.

بەڵام سوهرەوەردی بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە: (سنوور بۆ هێزی خودا نییە)

بەم شێوەیە لەسەر ئەو وەڵامەی حوکمی کوشتنی دەدرێت.

لێرەدا هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە زاهری کوڕی سەلاحەدین رازی نییە بە کوشتنی سوهرەوەردی، بەڵام زانا دینییەکان سەلاحەدین لەم مەسەلەیە ئاگەدار دەکەنەوە و ئەویش بەزۆر لەسەر کوڕەکەی دەسەپێنێ کە سوهرەوەردی بکوژێت، لێرەدا هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە گوایە کۆمەڵێ هۆکار لە پشت ئەو بڕیارەی سەلاحەدینەوە هەبووە کە پەیوەندییان بەو کاتەوە هەبووە، کە سەلاحەدین لە شەڕ بووە و لە رەوشێکی خراپی سەربازی و جەنگدا بووە بۆیە ئەو بڕیارەی داوە، ئەگەر نا سەلاحەدین کەسێکی میهرەبان و دلۆڤان بووە، بەڵام سەرچاوەی دیکە هەن بە پێچەوانەوە دەڵێن نەخێر سەلاحەدینی ئەیوبی زۆر رقی لە فەیلەسوف و تەنانەت کتێب و کتێبخانەکانیش بۆتەوە و بەڵگەشیان کوشتنی سوهرەوەردی و فەیلەسوف و زانای دیکەیە بە بڕیاری ئەو و سووتاندنی کتێب و کتێبخانەکانیش بە بەڵگەیەکی دیکە دەهێننەوە، هەندێ نووسین سەلاحەدین بە فەیلەسوف کوژ و کتێب سووتێنەری ناو دەبەن. هەروەها دەشڵێن لەوکاتەدا سەلاحەدین، رەوشی سەربازیی خراپ نەبووە و لە شەڕەکان بېۆوە. بۆیە راست نییە کە خراپبوونی رەوشی سەربازیی بکرێتە بەهانە بۆ کوشتنی سوهرەوەردی.

سەبارەت بە کوشتنەکەی نووسەرێکی وەك (قاسم محەمەد عەباس) کە ئەم زاتە هەموو نووسراوەکانی ( مەنسوری حەلاجی) کۆکردۆتەوە و تۆماری کردوون، دەڵێ:" ئەو رەوتەی بووە هۆکاری کارەساتی حەلاج دوای زنجیرەیەك دادگایی کردن، زۆر لەو رەوتە ئەچێت کە بووە هۆی کوشتنی سوهرەوەردی" جگە لەمەش قاسم محەمەد عەباس لەبارەی مردنی سوهرەوەردییەوە ئەڵێت:(مردنێکی کەم وێنە و ریزپەڕ بوو. وەك مەرگی حەلاج کە مردنێکی تاك و یەکانە بوو، ئەنجامێکی رەوای سرووشتی ململانێی نێوان هزری جەماعەت و هزری تاکێکی سەرووی کەسایەتی نەبوو، کە بۆ چەند کەسانێکی کەمی سۆفییەکان دادەمەزرا، بە شێوەیەك کە ئەو کەسانە پێوەرە ئەخلاقییە باوەکانی گفتوگۆیان بەسەر دا ناچەسپێت، ئەگەر وەك پێوەرێك بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا مەترسین لەسەر جەوهەری شەریعەت،یان ئەوە ئەدۆزینەوە کە ئەوان پرسیارێکی هەقیقی لەسەر دووبارە خوێندنەوەی جەوهەری شەریعەتمان بۆ دائەمەزرێنن)

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# لەبارەی کوردبوونییەوە:

دیارە سوهرەوەردی بە گوێرەی سەرچاوەکان هەم بە عەرەب و هەم بە فارس و هەم بە کورد ناسراوە، کە ڕەنگە تا ئێستاش ئەوە بەتەواوەتی بۆ هەمووان ساغ نەبۆتەوە کە کوردە یان فارسە، وەك ئەوەی دەیان ناوداری تری مێژوویی هەن هەر میللەتێکە و بە بەڵگە و بێ بەڵگەوە بۆ خۆی دەبەن.

هەر چۆنێك بێت، یەکێك لەو سەرچاوانەی باس لە کوردبوونی (سوهرەوەردی) دەکات، (د. ئەحمەد خەلیلە) کە لە باسی "ناودارانی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا" لە ژمارە 19دا، باسی شەهابەدینی سوهروەردی دەکات، کە بە پشت بەستن بە زۆر سەرچاوەوە باسێکی لەسەر نووسیوە،د. ئەحمەد خەلیل دەڵێ: سوهرەوەرد کە سەهروردیشی پێئەڵێن، شارێکی کوردیە و نزیك زەنجان لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانەوە، کە ناوچەی میدیای کۆنە. هەر یەك لە "ئەستەخری دەروبەری 626ی کۆچی" و "ئیبن حەوقەل دوای 367ی کۆچی" و "یاقوتی حەمەوی دەوروبەری 626ی کۆچی" و " ئەبو ئەلفدا 732 ی کۆچی " وەك بەشێك لە هەرێمی چیاکان باسیان کردووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاواکانی سێ بەشی هەرێمەکانی چیاکان پێکدێنن. سوهرەوەردیش دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیە، و باکووری شارەزور، لە سەر تخوبی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئێران.

"ئیبن حەوقەل" لە کتێبەکەیدا (وێنەی زەوی لاپەڕە 314) سەبارەت بە سەهرورد دەڵێ: " لە شارەزوور دەچێت لە لایەنی خۆشگوزەرانی و خۆشی شوێن و بە پیتی و بە بەرفراوانی و جوانییەکەی، و کوردەکان زۆرینەی ناوچەکەن"

سەبارەت بە ناوی سوهرەوەردیشەوە وەك "ئیبن خولەکان" باسی کردووە: ناوی یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەکە،کونییەی "ئەبوئەلفتوح"ە و نازناویشی شەهابەدینە، بە شەهید و کوژراویش ناوی دەرکردووە،ئیبن خولەکان باشترین کەسێك بووە بۆ ناسینی ناوە کوردییەکان و ڕێککردنییان، و مەفتەنیشی لە مەفتەنی سوهرەوەردی نزیك بووە، زیاتریش لەوە ئیبن خولەکان دەڵێت کە زیادکردنی پیتی (ك) بۆ هەندێ ناو شتێکی باوبووە، وەك (ئەمیر) بۆ بچووکردنەوە پیتی (ك) ی بۆ زیادکراوەو بۆتە (ئەمیرەك) کە ئەمەش شتێکی ناسراوە لە زمانی کوردی کۆن و نوێدا، وەك چۆن بە مستەفا گووتراوە، مستەك، یان بە خەلیل ،خەلەك، شێخ، شێخەك و بەم شێوەیە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

د.ئەحمەد لە باسی سەفەر و گەڕانەکانی سوهرەوەردیدا دەڵێ کە سوهرەوەردی دوای مەراغە و ئەسفەهان، چۆتە لای (شێخ فەخرەدینی ماردینی) و برادەرایەتییەکی خۆشیان هەبووە، هەروەها چۆتە دیاربەکر و پێشی خۆشبووە لەوێ بمێنێتەوە، پەیوەندی بە میر خەربوت عیمادەدین قەرە ئەرسەلان کردووە، و کتێبی (الالواح العمادیە)شی دیاری ئەو کردووە، رۆژهەڵاتناس "ماسینیۆن" پێی وایە کە سوهرەوەردی لە لای ئەم میرەوە مەزهەبی ئیشراقی خۆی دامەزراندووە.

هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەش کە باس لە سوهرەوەرد و کوردبوونی سوهرەوەردی دەکات باسێکی سەید ئیسماعیل حوسێنی یە بە ناوی گوندێ سوهرەوەرد، شاری کۆنی سوهرەوەرد و کوردبوونی شێخی ئیشراق.لە هەفتەنامەی سیروان، بە دووبەش بڵاوکراوەتەوە.

لە بارەی ناوی (سوهرەوەرد)وەك پەیڤ دەڵێ:

زۆر لە نووسەرانی کورد بەتایبەتی خوالێخۆشبوو، (بابە مەردۆخی روحانی) لە کتێبی مەشاهیری کورد، پەیڤی (سوهرەوەرد) دەگەڕێنێتەوە بۆ (سورە بەرد) ناوبراو هەرچەندە زۆر بە درێژی راڤەی نەکردووە، کە ئایا لە بەعەرەبی کردنی سورە بەردە یان نە؟ ئەگەر ئێمە ئەو شیمانە لاوازەش قبوڵ بکەین، ناچارین لەسەر بەعەرەبی کردنی ناوەکە راوەستین، کە لەو حالەتەدا کێشەمان بۆ دروست دەکات، چونکە هەر دوو پیتی (و) و (ب) هەردوو لە پیتەکانی سەرەکی ئەلفبای عەرەبین، واژەی (سوهر) لە پارسی کۆندا بە واتەی (سرخ– سور) دێت ، وەکو (سهرگاو، بەواتەی هەنگاوی سوور) واژەی (وەرد) دیسان لە فارسی کۆندا بە واتای (ئەسپی گوڵگون) دێت، واتە ئەسپێك لە نێوان کمیت و زەرد بێت، واژەی (وەرد) لە زمانی عەرەبی، واتە گوڵی سوور، کە لەزمانی کوردیدیشدا بە مانای ئەو زەویە دێت کە بۆ چاندن، حازر کرابێت (وەرد).
لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین (سوهرەوەورد) بە واتەی گوڵی سوور یان ئەسپی گوڵگون دێت.

زۆر رای تر لەسەر ناوی سوهرەوەرد هەن، کە دەکرێت زۆریان قبوڵ بکرێن و زۆریشیان رەت بکرێنەوە.

هەر چۆنێك بێت ، سوهرەوەردی، سۆفییەکی گەورەی ئیسلام و فەیلەسوفێکی مەزنی فەلسەفەی ئیشراقییە.

## لەبەرهەمەکانی سوهرەوەردی:

1. المشارع والمطارحات.
2. التلویحات.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

3. حكمة الاشراق(كە لە دووبەش پێکهاتووە ، یەکەمیان سێ وتار لەسەر مەنتق، بەشی دووەمییان پێنج وتارە سەبارەت بە ئیلاهییات) گرنگترین کتێبی سوهرەوەردیە کە بیرو بۆچوونی فەلسەفییانەی سوهرەوەردی لەسەر فەلسەفە و مەزهەب روون دەکاتەوە.
4. اللمحات، کتێبێکی کورتە سەبارەت بە حیکمەت و ئیلاهییات و مەنتق.
5. الالواح المعادیة، سەبارەت بە زانستەکانی حیکمەت و زاراوەکانی فەلسەفیە.
6. الهیاکل النوریة، یان هەیاکلی نور، ئەو کتێبە پڕە لە بۆچوونی فەلسەفی کە سەرەتا بە عەرەبی نووسیوویەتی و دواییش خۆی وەریگێڕاوەتە سەر فارسی.
7. المقاومات، نامەیەکی کورتە کە سوهرەوەردی وەك روونکردنەوەیەك یان پاشکۆیەك بۆ کتێبی التلویحات نووسیویەتی.
8. الرمز المومی.
9. مبدأ و المعاد، بە زمانی فارسی نووسراوە.
10. بستان القلوب، کورتکراوەیەکە سەبارەت بە حیکمەت، کە سوهرەوەردی بۆ کۆمەڵێك برادەر و کەسە نزیکەکانی خۆی بە زمانی فارسی لە ئەسفەهاندا نووسیوویەتی.
11. طوارق الانوار.
12. التنقیحات في الاصول.
13. کلمة التصوف.
14. البارقات الالهیة.
15. النفحات المساویة.
16. لوامع الانوار.
17. الرقم القدسی.
18. اعتقاد الحکماء.
19. کتاب الصبر.
20. رسالة العشق.
21. رساله در حالت طفولت، (نامە لە باری منداڵیدا) بە فارسی نووسراوە.
22. رساله روزی با جماعت صوفیان ( نامەی رۆژێك لە گەڵ جەماعەتی سۆفییان) بە فارسی نووسراوە.
23. رسالة عقل (نامەی عەقڵ) بە فارسی نووسراوە.
24. رسالة (اواز پر جبرائیل نامەی ئاوازی پەڕی_ باڵی جبرائیل، بە فارسی نووسراوە.
25. رسالة پرتو نامە، شەرحێکە لەسەر زاراوەی فەلسەفی، بە فارسی نووسراوە.
26. لغة موران، نامەی زمانی مۆران، هەندێ هەکایەتی رەمزین. بە زمانی پارسی نووسراوە.
27. رسالة غربة الغریبة، هەکایەتێکە کە سوهرەوەردی وەك رەمز بە عەرەبی نووسیووە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

28. رسالة صفير سيمرغ، نامەی چریکەی سیمرخ، بە زمانی پارسی نووسراوە.
29. رسالة الطير، ئەو نامەیە وەرگێڕانی نامەی باڵندەی ئیبن سینایە، کە سوهرەوەردی وەریگێڕاوەتە سەر پارسی.
30. رسالة تفسير ايات "من كتاب الله وخبر عن رسول الله"
31. التسبيحات و دعوات الكواكب.
32. ادعية متفرقة.
33. الدعوة الشمسية.
34. السراج الوهاج.
35. الواردات الالهية بتحيرات الكواكب و تسبيحاتها.
36. مكاتبات الى الملوك والمشايخ.
37. كتاب في السيمياء.
38. الالواح.
39. تسبيحات العقول والنفوس والعناصر.
40. الهياكل، سەرەتا بە زمانی عەرەبی نووسیوویەتی و دواتریش بە فارسیش نووسیویەتییەوە.
41. شرح الاشارات.
42. كشف الغطاء لاخوان الصفا.
43. الكلمات الذوقية والنكات الشوقية.
44. رسالة، نامە، سەبارەت بە جەستە و بزافی خوا، وەحی و ئیلهام.
45. نامەیەکی کورت سەبارەت بە حیکمەت، کەتیایدا باسی مەنتق و تەبیعیات و ئیلاهییات دەکات.

## فەلسەفەی ئیشراقی سوهرەوەردی:

سوهرەوەردی، لە کتێبی (حیکمەتی ئیشراق)دا، ڕێساکانی فەلسەفەی ئیشراقی دامەزراند، کە ئەمەش وەرگەڕانێکی هەقیقی بوو لە فکردا، فەلسەفەکەشی ئیسلامی بوو لە بونیاددا، لە هێلە گشتییەکانی هزری ئیسلامی و تێگەیشتنی بۆ هەبوون- وجود سەری هەڵدا، و لەگەڵ هەبوونی جیاوازی لە هەندێ پنتی فکریدا

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

به هۆکاری ئاوێتەبوونی دین و رۆشنبیری لە لای سوهرەوەردی و هەروەها بە هۆی ئازادی خۆی لە بزاوتی فکر و فەلسەفەکانی خۆیدا.

بۆ پێزانین، هەندێ سەرچاوە باس لەوەش دەکەن، کە سوهرەوەردی خۆی بە نوێکەرەوەی هزری رووناکی دانایانی فارس دەزانێت و لەو بارەیەوە خۆی دەبێژێت: (لە ناو فارساندا گروهێك هەبوون رێگەی هەق و دادپەروەییان گرتبوو، دانای چاکەکار بوون و مەجوس نەبوون، ئێمەش لە کتێبی خۆماندا لە حیکمەتی ئیشراقدا حیکمەتی بەرێزی نوری ئەوانمان نوێ کردەوە، کە کەسێك پێش من ئەو کارەی نەکردووە)

سوهرەوەردی لە کتێبی (هەیکەلەکانی نور– رووناکی)دا دەڵێ: نورێکی پرشنگدار و بە چێژ لە ناو ئێمەدا هەیە، جەستەکان بەشدارن لە جەستەیی بووندا، بەڵام لە رووناکبووندا جیاوازن، دەروونی ئاخاوتنکەرمان خۆی لە خۆیدا رووناکییەکە، دەروونیش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی زیندووبوونە، (هەبوونی زیندوو)، بۆیە تۆ رستێکی ئەو ئەندام و بەشانە نیت لە بەدەندا بەڵکو تۆ لە پشت ئەو رستەیت)

مرۆڤیش ئێستا (رێزی لێگیراوە _ موکەرەم کراوە) بەو نورە پرشنگدارەی تێیدا دەدرەوشێتەوە کە دەگەرێتەوە بۆ تەواوترین و بەدەسەڵاتترین رووناکی. دەسپێکی ئیشراق. واجبی وجوب بە خودی خۆی، ( خوا نوری ئاسمانەکان و زەمین)ئەم نورە پرشنگدارانەش بەشەوقەوە بۆ عشقی سەرەتاکەیان دەگەرێنەوە، وەکچۆن جیهان لە ئیشراقی هەق رژان و پرشنگی رۆناکییەکانەوە دروست بوو، مەعریفەش واتە گەیشتنی عەینی بە هەقیقەتی عەینی. ئەمەش تەنیا لە رێگەی بەرزبوونەوەی دووبارەی رووناکییەکانەوە دەبێت بۆ سەرەتاکەی خۆی دوای هاتنە خوارەوەی.

بە کاروانی هاتنە خوار و سەرکەوتنەوەی رووناکییەکان، بەم بزاوتە جەوهەرییە گشتییەی بەردەوام و نوێبووەوە کە پڕە لە عەشق و شەوقەوە، مەعریفە جێبەجێ دەبێت.

سوهرەوەردی لەسەر بنەمای (نور – رووناکی) تیۆری خۆی لەبارەی مەعریفەوە دادەرێژێت، عەشق و ئەم بزاوتە جەوهەرییە هاوسەنگی هەبووەکان و رێکوپێکی قانونەکانییان دەپارێزێت،ئەمەش مانای نەمانی دژەکان یان دژایەتیی ناگەیەنێت، چونکە دژایەتیی لە پێداویستییەکانی کۆتایینەهاتنە(اللانهایە)، ئەگەر وانەبوایە گەردوون لە گەندەڵی و خراپەکاری چاك نەدەکرایەوە، بە واتەیەکی تر سوهرەوەردی خوازیاری ئازادی و پلورالیزم و هەتا دژایەتیش بوو، چونکە بێ ئەمانە کۆمەڵگەکان گەندەڵ دەبن و گەردوونیش لەگەڵ خۆیان گەندەڵ دەکەن.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

کەرامەت و پیرۆزی مرۆڤ لەسەر ئەو یەکێتییەوە دەوەستێت کە پڕە لە پلوراڵی، و ئەگەر هەق ئامانجی مەعریفە بێت، ئەوە پشکنینی هەق، سەفایەکی قوڵ و بێگەردی دەوێت لە نەزعە دنیاییەکان،ئەوەیش بگاتە ئەو قۆناغە ئەوە یەکێتی هەردوو توخمەکانی روحی و مادی دەبینێتەوە ، و یەکێتی هەبوون و چارەنووسی مرۆیی دەپشکنێ. لە یەکێك لە چامەکانیدا لە کاتی مردنیدا دەڵێ:

دەروونتان لە جەستەتان جیاکەنەوە
هەق وەك هەقێکی روون دەبینن
توخمی روحەکان لە ناوماندا یەکە
خۆم تەنیا ئەبینم ئێوەم
بڕواشم وایە ئێوە منم

سەرەتای فەلسەفەی ئیشراقی لەلای ئەفلاتونەوە دەبینرێتەوە، فەلسەفەکەی خاوەن دوو رەهەند بوو، عرفانی و ئەقڵی بەڵگەداریی.

رەهەندی عرفانی گەشەی کرد و لە ئەفلاتونییەتی نوێشدا بەردەوامبوو، لە رابەرەکان: ئەفلوتین و فرفریۆس و بریکلس.

ئەگەر بێت و مەشائییەی سەرەتایی گریکی لە لای ئەرستۆ، و ئیسلامیش لە لای فارابی و ئیبن روشد دانیان بەوە دا نەنابێت کە لە رێگەی عرفانەوە بە مەعریفە بگەن. بەڵکو گەیشتن بە مەعریفە خوازیاری بەڵگەی عەقڵی و بەڵگە و ئەزموونە، ئەوە لە حیکمەتی ئیشراقیدا کە سوهرەوەردی بە دامەزرێنەری هەقیقی دادەندرێت،بنچینەکانی بەڵگەیی ئەقڵی هەڵنەوەشاندۆتەوە و رەتی نەکردۆتەوە، بەڵام وەك ئاگادارکەرەوەیەك بۆ ئەقڵ و وزە بەخشێك بە رەفتار تەماشای کردووە. بەڵام پێگەی یەکەم بۆ رەفتاری ئیشراقی – عرفانییە بۆ گەیشتن بە گەورەترینی مەعریفەکان.
ئیشراقییەت لە جەوهەری خۆیدا فەلسەفەیەکی بەڵگەداریی ئەقڵی و رەفتارگەرییەکی ئیشراقییە.ئامانجی گەیاندنی ئەو روناکییانەیە کە هاتوونەتە خوار بە بەرزەخەکان و غەواسقەکان بە تەواوترین و پیرۆزترین نور.

سوهرەوەردی فەلسەفە کۆنەکانی گریك و فارسی و زەردەشتی و هزرەکانی یەکتاپەرستی دینی و ئیسلامی و رەفتارگەریی عرفانی هەرس کردبوون، و بە هزرێکی کراوەوە سەودای لەگەڵ کردوون و کردوونی بە بنەمای فەلسەفەکەی خۆشی کە ناوی ناوە حیکمەتی ئیشراق.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

شێخی کوژراو، به زانستی سیمیائیش ناسراوبوو، که ئه‌مه‌ش زانستێکه بایه‌خ به گۆڕینی کانزا هه‌رزانه‌کان ده‌دات بۆ کانزای به‌نرخ، (ئیبن ئه‌بی ئه‌سیبعه) له کتابه‌که‌ی خۆیدا باسی زۆر رووداوی کردووه که تیایدا سوهره‌وه‌ردی ئه‌نجامیداون، له‌م کرداره‌شدا سوهره‌وه‌ردی وزه‌ی روحی عارفی به‌کارهێناوه.

سوهره‌وه‌ردی نووسین و نامه و شعری زۆری هه‌بووه، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش زۆر که‌س هه‌وڵیانداوه که کتێبه‌کانی به رێکوپێکی پۆلین و ریزبه‌ندی و تۆمار بکه‌ن، زۆر سه‌رچاوه ئاماژه به‌وه ئه‌ده‌ن که باشترین هه‌وڵ هی رۆژهه‌لاتناسی فه‌ره‌نسی" لویس ماسینیۆن" ه، که وه‌ك یه‌که‌م که‌س هه‌وڵیداوه به شێوه‌یه‌کی زانستی له په‌یوه‌ندی ریزبه‌ندیکردنی کتێبه‌کان و به‌ره‌و پێشه‌وه‌چوونی فه‌لسه‌فه‌که‌ی بکۆڵێته‌وه.

هه‌ندێ سه‌رچاوه باس له‌وه ده‌که‌ن که سوهره‌وه‌ردی له‌و ته‌مه‌نه کورته‌یدا نزیکه‌ی (50) نووسراوی هه‌بووه، تا ئێستاش زۆر له نووسراوه‌کانی وه‌رگێڕدراونه‌ته سه‌ر زمانی ئینگلیزی و فه‌ره‌نسی و عه‌ره‌بی و تورکی زمانانی دیکه، و هه‌روه‌ها زۆریشی به‌و زمانانه له سه‌ر نووسراوه.

## کورته‌ی حیکمه‌تی ئیشراق:

سوهره‌وه‌ردی له کاتی خوێندن و لێکۆڵینه‌وه‌کانی خۆیدا، وا تێگه‌یشت که جیهان له رووناکی دروست بووه، ئه‌و رووناکیانه‌ش رووناکی ده‌به‌خشنه یه‌کدی. به‌و رووناکی به‌خشینه‌شی ده‌گووت، :"ئیشراق" بۆیه نازناوی (شێخی ئیشراقی) پێبرا.

دیتنی سوهره‌وه‌ردی ئه‌وه بوو که هه‌موو شتێك له رووناکییه‌وه‌یه، جگه له رووناکی شتێکی دیکه نییه، هه‌موو شتێك که له جیهاندا هه‌یه و ئه‌و شتانه‌ی دواتریش دێن هه‌ر له رووناکین. به‌لاَم هه‌ندێ له رووناکییه‌کان نه‌رم و نیانن و هه‌ندێکیش زبرن، هه‌ندێکیش وه‌ك گه‌ردیله بلاَو ده‌بنه‌وه, و هه‌ندێکیش وه‌ك گه‌ردیله یه‌کدی ده‌گرن.

ئه‌مرۆ باشتر له‌م تیۆرییه ده‌گه‌ین، چونکه ده‌زانین هه‌رچی له جیهاندا هه‌یه وزه‌یه به‌شێوه‌ی شه‌پۆل. کاتێك وزه له‌سه‌ر یه‌ك کۆده‌بێته‌وه ده‌بێته مادده، و کاتێك که ئه‌و وزانه نه‌رم ونیان بن، ئه‌بنه شه‌پۆل یان رووناکی _ نور.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

سوهرەوەردی باوەڕ بوو کە ڕووناکییەکان، نور بەیەکدی دەبەخشن. بۆیەشە جیهان تەنیا ئیشراقە و شتێکی دیکە نییە. هەندێك لە ڕووناکییەکان لاوازن و هەندێکیش نەرم ونیانن، و هەندێکیش پێکەوە کۆبوونەتەوە.کاتێك کە ڕووناکییە بەهێزەکان نوریان دەدەنە ڕووناکییە لاوازەکان، ڕووناکییە لاوازەکانیش بەرەو ڕووناکییە بەهێزەکان ئاراستە دەگرن. مرۆڤیش کە هەبووێکی ئەم جیهانەیە لە ڕووناکییە و ڕووناکیش دەداتە ئەوانیدی، هەروەها ڕووناکی لەوانی دیشەوە بۆ ئەو دێت.لەسەر ئەو بنەمایە نور لە مرۆڤەوە دەچێتە شتەکانی دی و ئەوان سوود لە مرۆڤ وەردەگرن. لەسەر ئەو بناغەیە مرۆڤ دەتوانێت ڕووناکی بە شتەکانی دی ببەخشێت و لە نوری ئەوانیدیشەوە ڕووناکی وەربگرێت و بگەشێتەوە.

سوهرەوەردی دەیگووت کە حیکمەت دوو جۆری هەیە، یەکەمیان حیکمەتی کۆنە، کە لە کۆنەوە هندییەکان و ئێرانییەکان و بابلییەکان و مسریەکان و دواتریش یۆنانییەکان سوودیان لێوەرگرتووە، و حیکمەتی (لدنی) کە حیکمەتێکە مرۆڤە تایبەتەکان سوودیان لێوەرگرتووە، لە سەرەتادا ئەو دوو حیکمەتە لەیەك بنەمادا هاتوون، کە ئەو بنەمایەش (ئیدریس)ە، کە (هورمس)یشی پێ ئەگووترێ، دوای ئەوەی خەڵك حیکمەتییان لە ئیدریس وەرگرت، بە باوەڕی ئەو بوونە دوو بەش، بەشێك بەرەو ئێران و بەشەکەی دیکەشیان بەرەو میسر ڕۆیشتن.دواتر هەردووکیان بوونە ئیسلام، ئیدریس یەکەم کەس بووە کە بنەمای دەرس و فێربوونی دامەزراندووە، پەیڤی (دەرس)یش لە ناوی (ئیدریس)ەوە هاتووە.

ژێدەرەکانی ئەم بەشە:

بۆ ئامادەکردنی ئەم بەشە بەتەواوی پشتم بە ئنتەرنێتەوە بەست، بە تایبەتیش لە (گەڕان ی (گوگڵ)دا، بە نووسینی ناوی سوهرەوەردی یان شێخ شەهاب. لەوێوە کۆمەڵێ لینك و ماڵپەڕی جیاجیا زانیاری کەموزۆریان سەبارەت بە سوهرەوەردی تێدابوو، بۆیە من لێرەدا ناونیشانی چەند سایتێك دەنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر ئەو ماڵپەڕانە و زانیاری باشتر و زیاتر پەیدا بکات.

1. 1. یوسف زیدان، نهایات شیخ الاشراق،بڕوانە http: //ziedan.com/lecturs.asp
2. رضوان السح، بین السهروردي والحلاج مجلة التراث العربي دمشق،العددان 99-100 تشرين الاول 2005 زئەم بابەتە لەم سایتە وەرگیراوە www.awu-dam.org/trath/99-100-033.htm
3. نصوص اشراقية في الرؤية والمجاز للسروردي، قاسم محمد www.aleftoday.net
4. د.وضحى يونس.القضايا النقدية في النثر الصوفي.حتى القرن السابع الهجري.-http://www.awu-dam.org/book/06/study06/179-w-l/ind-book06sd001.htm
5. احمد خليل،مشاهير الكورد في التاريخ الاسلامي،www.gilgamish.org/viewarticle.php?=index-20061022-251
6. عبالفتاح القلعجي. السهروردي بين الاسطورة والاشراق. جريدة الاسبوع الادبي.العدد 1007 تاريخ 2006/5/20 http://www.awu-dam.org/esbou1000/1007/isb1007-025.htm

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# بەشی دووەم

# نامەکانی سوهرەوەردی

## سوهرەوەردی لە زمانی مێروولەوە
## بۆ زمانی باڵندە

وەرگێڕان و لەسەر نووسینی : د. عادل مەحمود بەدر.

د. عادل مەحمود بەدر مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلیژی ئادابی تەنتا، هەڵگری پلەی دکتۆرا لە فەلسەفەی مەلا سەدرای شیرازی.ئەم دوو نامەیەی (زمانی مۆران) و (چریکەی سیمرخ) لە فارسییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی. منیش لە ئەنتەرنێتەوە وەرمگرتووە و کردوومەتە کوردی.

* * * * * * *

کاتێك تەماشای ژیانی سوهرەوەردی دەکەین ،شەهیدی ئیشراق. کەسایەتییە نیگەران و پڕ دڵەڕاوکێ و ناجێگیرەکەی دەبینین، بە تەواویش دیارە هۆکارەکانی نیگەرانی و دڵەڕاوکێکەی کۆکە لەگەڵ روحی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە. ئەو سەردەمەی کە شەپۆلە هزری و باوەڕیی و سیاسییە ناکۆکەکان تێیدا لە ململانێ دابوون. ململانێی هزری شیعی و هزری سونی کە لە دەوڵەتی فاتمییەکان و ئەیوبییەکان بەرجەستە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ببوو. سوهرەوەردی سەرباری ئەمەش توانی نوێنەرایەتی هەموو رۆشنبیرییەکانی سەردەمەکەی خۆی بکات و لەپاڵیشیدا ئەزموونی حەکیم و پێغەمبەرەکانی پێشووی گواستەوە بۆ ناو ئەزموونە خودییەکانی خۆی. هەروەها لەگەڵ جیاوازی ئەو ژێدەرە شارستانییانە کارلێکی لە گەڵ کردوون و بە راستیش لەگەڵ ئەو خورپانەوە بە هەبوون و فکرەوە ژیاوە. وەك ئەوەی کە لە شانۆی ژیانی پەنهانی ئەو و لەگەڵ هەبوونی تایبەتی خۆی و ئەزموونە روحییە خودییەکەی روویدا.

هزری سۆفیگەری لەلای سوهرەوەردی، شەهیدی ئیشراق، هزرێکی زیندووی رەسەنە. ناشکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ پارچەیەك لە تیۆرەکانی پێشخۆی، تەنیا بە لۆژیکی ستەمکارییەوە نەبێت. هەتا میتافیزیکییا نورانییەکەی کە لە کتێبەکەیدا (حیکمەتی ئیشراق) باسی کردووە، جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو میتافیزیکیا تەقلیدییەی کە بێ بنەمایەکی زیندووی مرۆیی لە ئاسماندا دەفرێت. چونکە میتافیزیکیا لە لای سوهرەوەردی پشت بە ئەزموونی سۆفیگەرییەکی خودی و واقعێکی کەسیی دەبەستێت و سرووشی شێوازێکی قوڵی مرۆڤایەتی دەبەخشێت. هەتا هەموو تیۆرە میتافیزیکییەکان لە هەموو لایەکەوە، لەو شێوەیەدا فۆرمۆلە دەکات. هەتا دەتوانین پێی بڵێین (میتافیزیکییای مرۆڤ) چونکە زیندووە و هەستدارە و خۆی بە کەتواری دیاری مرۆڤەوە دەبەستێتەوە.لەو تێگەیشتنەشەوە بەرەو دانانی پەیوەندییەکی وجودی دەڕوات کە نهێنی دایدەپۆشێ. لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ خودا (الله) یان نوری ئەنوار، فەلسەفەی سوهرەوەردی وێنەی جیهانەکان و بوونەوەرە نورانییەکان دەکێشێت. و هەندێ شوێنی ناوەندیی لە نێوان جیهانی هەست و نوردا دەستنیشان دەکات. هەبووی سۆفی سالك ئامادە دەکات بۆ گواستنەوە و سەرکەوتن لە نێو خۆیاندا تا دەگاتە دیتنی نوری ئەنوار.

بەم شێوەیە ئەم هزرە هەستەکانی بەسەر داهێنانەکانیدا دادەدات.و پێدراوەکانی هەستی مرۆیی بنەمای هەموو ئەو داهێنانەیە. چونکە میتافیزیکا لە وێنەیەکی زیندوو و راچەنیو بەدەردەکەوێ. و لە ناو راچەنیوی و سرووشتی بە بزاو و دینامیکیەکەی وێنەی پەیژەکانی هەبوون بۆ بڵندی سۆفی دەکێشێت کە پێی دەگووترێت مەقامات و ئەحوال.* ئەم پەیژانە تایبەتن، وەك ئەوەی لە راڤەی نامە سۆفییەکان دیار دەبێت، کە وەك پەیژەکانی بلاوی سۆفیگەریی نین. بەڵکو ئەو پەیژانە لەناوەوە پەیوەستن بە خودی میتافیزیکیاوە.

پەیژەکانی(مدارج) سۆفیگەرێتی لە لای سوهرەوەردی وەك لە نامەکانی پێشکەشی کردوون، ناگەڕێنەوە بۆ هەرێمی بیری ئەبستراکت یان تەنیا بۆ تەواوکردنی مەزهەبی فەلسەفی بێت وەك ئەوەی لە لای فەیلەسوفێکی وەك ئیبن سینا وایە. بەڵکو ئەمە دیتنێکەو لە ئەزموونێکی زیندووەوە هەڵدەقوڵێ، لە قولاییی خۆیدا پڕە لە ویستێکی بێ کۆتایی بۆ هەقیقەت. سەرباری ئەوەی کە لەوانەیە فەلسەفەی سوهرەوەردی بە گشتی وێنەیەکی هێلکاری ئەقلی بە خۆوە هەڵدەگرێت کە ئاماژە بە وەستان (سکون) دەکات، بەلاَم لە جەوهەری خۆیدا وێنەیەکە پڕە لە چالاکی. چونکە لە ناوەوەیدا روحێکی مرۆڤایەتی راچەنیو کار دەکات

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

نەوەك ئەو روحەی کە لە لای ئەرستۆ بۆ نمونە دەیبینین.ئەو روحەی ژیانی فەرامۆشکردووە، و وێنەی خواگەریشی لە وێنەیەکی بێگیاندا رەقکردۆتەوە، بەوەی کە بزوێنەری یەکەمە.

بۆیە پەند لە باسکردنی مەزهەب و هزرەکان لە شێوازی دەرەوەی یان هێلکارییە وێناکراوەکەی نییە.بەڵکو پەند لە روحی خودی ئەو مەزهەبانەوەیە.واتە رەهەندە روحانییە خودیەکان کە لە پشت هەر وێنەیەکی هێلکارییەوە کار دەکەن. ئەگەر روح لەو مەزهەبانەدا وەك پەیکەرێکی مەرمەڕی بێ ژیانی رەقبۆوە بێت. ئەوە رەوانەی مۆزەخانەی فکریان دەکەین. چونکە لە ناوەوە کارمان تێناکەن.

بەڵام ئەگەر هاتوو روح لەو مەزهەبانەدا راچەنیو و نیگەران بوو وەك ژیان خۆی کە لێی هەڵقوڵاوە، ئەوە لە ناوەوە کارمان تێدەکەن، ژیانێکی نوییان لێ لەدایك دەبێت وەك ئەوەی لە بنەچەدا وابووە. مەبەستم ئەوەیە ورۆژاو و پاڵنەری ئەزموونە روحییەکانن لە قولایی خۆیاندا. ئێمە ئەو روحە راچەنیوە بۆ شارستانییەتێك دەگێڕینەوە کە شایانی مانەوەیە، ئەم رەهەندە روحییە لە حاڵەتی سوهرەوەردیدا بەڕاستی دەچێتەوە هەرێمی ژیانی راچەنیو و هەستی ناوەوەی خودی، و هەڵوێستی بوونێکی پڕ لە نیگەرانی ، نەوەك بۆ هەرێمی ناوچەی هزرێکی وێنەکراوی بێگیان.

ئەم راچەنینە لە قولاییەکانی هزری ئیشراقی سۆفیگەریی سوهرەوەردی هەیە، بەتایبەتی لە لایەنە هێماییەکانی کە نامە سۆفیگەرییەکانن جێگەی باسی ئێمەن، کە لەو راڤەیەدا بۆ تێگەیشتنی رەهەندەکانی سۆفیگەری لە لای شەهیدی ئیشراق پشتی پێدەبەستین.

بۆیە لەو نامانەدا دەبینین شەهابی سوهرەوەردی لە رێی ئەو نامانەدا هەوڵ دەدات چارەنووس بدۆزێتەوە لە رێی بینینێکی خودی کە خاڵی نییە لە سرووشتی خەمباری ئەو خودەی کە تێیدا ژیاوە و داهێنەری ئەو بینینەشە.

لێرەدا کەسایەتی دەبینینەوە کە خۆی لە ناو وێنە و ئەندێشەی ئەفسانەیی و رەمزی رۆچووە، وەك چۆن تەعبیر لە خۆی و بوونی خۆی دەکات، بە پێی میتۆدێکی ناوەکی هەوڵ دەدات هەقیقەت لە قولایی خۆیدا بدۆزێتەوە، ئەو نورە لە خودی خۆیدا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی رێگەی لە نێوان خۆی و خواگەریدا خۆش بکات. تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی ژیانی ئەویش بێت. چونکە ژیانی دەرەکی فەیلەسوف بەراورد ناکرێت بەو ژیانە ئەبەدییەی دەیخوازێ. سوهرەوەردی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی هەڵوێستە وجودییە تایبەتییەکانی خۆی دەربڕێت، دەچێتە قولایی ئایەتە پیرۆزەکان بۆ ئەوەی بە ئەزموونی تایبەتی خۆی ببەستێتەوە. سوهرەوەردی بەگشتی زیاتر لە هزرمەندەکانی دی بە قورئان گرێدراوبوو، و هەوڵیداوە بە گوێرەی پێداویستییەکانی ژیانی سۆفییانەی و بە پێی میتۆدی (ئستبتانی خودی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

(Introspection)تیی بگات. بەم میتۆدەش بە قوڵی دەمانگێڕێتەوە بۆ بنەچەی هەبوون و بنەمای هەموو شتێك (الله) نوری ئەنوار.

بەم پێیە دەبوایە بەسەر هەموو وێنە و فۆرمە دەرەكییەكان و بابەتییەكانی دین و تەوحیددا بڵندتر بكەویت، لە پێناو قوڵكردنەوەی مانا ناوەكییەكانییان، مەبەستم ئەوەیە پەرینەوەی بۆ هەقیقەتی ساكار یان هەقیقەتی خواگەری لەساكاری خۆیدا.ئەو ساكارییەی لە پشت شەریعەتە دیارە جیاوازەكانەوە بزر دەبێت، سوهرەوەردیش بە هەموو وێنەیەك ئەم هەستە بە هەقیقەتی نادیار دەردەبرێت، تەنانەت ئەو هەندێ گوتە لە زمانی جیاواز بەكاردەهێنێ ، و هەندێ زاراوە بەكار دەبات كە رەنگە لەگەڵ هزر و دیتنەكانی هاو دژ بن. ئەمانەو سەرەڕای بەكارهێنانی هەندێ وێكچواندنی نامۆ،

بەڵام هەموو ئەو گوتە و زاراوانە بە شێوەیەكی گشتی لە زۆر باردا قاوغێكی ناوەڕۆك ڤاڵان،چونكە ئەو تژی مانای كردوون. بۆیە بوونەتە موڵكی خودی ئەو. دەربڕی هزرەكانییەتی. لێرەدا ئەم گووتەو زاراوانە لە مانا رەسەنەكانییان دوور دەكەونەوە.

هزری سۆفیگەریی لە لای سوهرەوەردی بە تایبەتی لە نامە سۆفییەكانیدا، هزرێكە خاوەنی شێوازێكی كەسی و وجودییە. بۆیە دەربڕینی ئەم هزرە تایبەتانە، واتە هزری كەشفی و چێژی،بێ دیتن و هێما و ئەفسانەكان ناكرێت.واتە لە رێی دەربڕینی ناراستەوخۆ كە شێوەی دیالۆگ وەردەگرێت،نەوەك شێوازی قسەكردنی فێركردنیان راستەوخۆ. ئەم هێما و بینینانە كە شێوازێكی كەسییان هەیە زمانێكی روحی پەروەردەیین هاوكاری رێبوارەكان (سالیكەكان) دەكەن لە رێی خوای تەعالادا، بۆ ئەوەی بەسەر ئەو پەیژانەوە سەركەون تا دەگەنە پلەی گەیشتن و نۆرینی هەقیقەت. زمانی ئەو نامانە زمانێكی ئاماژەدارە، نەوەك راگەیەنراو، چونكە زمانی راستەوخۆ بۆ ئەزموونە روحییە خودییەكانی سۆفی بێگەردییەكەی ون دەكات و پاكیزەییەكەی ناهێڵێت، چونكە ئەم ئەزموونانە دەگەرێنەوە بۆ ماهییەتی سۆزداریی یان ئنفعالی ناوەوە. ماهییەتی سۆزداریی بە وەسف لە رێی شعر و گووتاری چڕ دەردەبڕدێت. بۆیە ئێمە لێرەدا لە نامە سۆفییەكاندا راستەوخۆ هەقیقەت بە روونی وەك بابەتە دیارەكان نادۆزینەوە، بەڵكو لێرەدا پێویستیمان بە كۆششێكی ناوەكی هەیە، و لە گەڵ قوڵاییی ئەم هێمایانەوە رووبچین بۆ ئەوەی لە ناوەوە بیانبینین و روح و ماناكانیان بدۆزینەوە. خودی ئەم دۆزینەوەیە دەمانگەیەنێتە بەر دەرگەی هەقیقەت. واتە جەوهەری رێگەی هەقیقەتمان نیشان دەدات. ئەوەیە ئەو شتەی ئەو هێمایانە یان نامە سۆفیگەرییانە دەریدەبڕن.

ئامانجیش لەم نامە ئامانجێكی پەروەردەیی روحییە هاوكاری هەبوو یان رێبوار دەكات بۆ ئەوەی ناوەوەی خۆی بگۆڕێت، لەناوەوە كاریگەری دەكات، داوا لە هەبوو دەكات هەڵوەستەیەك لەگەڵ خودی خۆی بكات بۆ ئەوەی جەوهەرەكەی بدۆزێتەوە بە پێی میتۆدی بەناوداچوون كە ئەم نامانە دایانڕشتوون.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

کاتێکیش بەندە یان هەبوو خودی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوکاتە ڕێگەی ڕزگاری دەزانێت. کە گرتنەبەری ڕێگەی کۆشش و ئازار لە پێناو بردنەوەی ناکۆتایی لە قولایی ئەم جیهانە کۆتاییەدا کە خزاوەتە باوەشی کۆت و پێوەندەکانی بەدواوە دێت.

ئەم ئامانجەی کە داوامان لێ دەکات لەگەڵ خودی خۆمان بوەستین،بۆ ئەوەی بیناسین، بە پێی وتەی بەناوبانگی سوکرات (خۆت بناسە) پاڵ بە خودەوە دەنێت بۆ گۆڕانی ناوەکی، و بە گرتنەبەری ڕێی ئەم گۆڕانە تا کۆتایی بۆ ئەوەی هەبوو ببێتە باوەڕدار،یان خواگەر  بە پێی دەستەواژەکانی سوهرەوەردی، چونکە مرۆڤ باوەڕدار نییە بەڵکو دەبێتە باوەڕدار، بە کۆششی ڕوحی و ئازاری ناوەوە. لێرەدا گۆڕانی ناوەکی لە هەبوودا ڕوودەدات، ئەو گۆڕانەی بەرەو هەقیقەتی خودی دەبات.

هەبوو لە قولایی خۆیدا مانای ناکۆتایی دەدۆزێتەوە، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی ڕێگەی سەخت بەرەو ناکۆتایی بەپێی دۆزینەوەکانی خودی خۆی بگرێتەبەر. ئەم ڕەفتارەش دەیگەیەنەتە پڕبوون بە هەقیقەتی خۆی. بەمەش هەقیقەتی دەرەکی دەبێتە خودی، لەو ساتەدا هەبوو دەبێتە خواگەرێکی هەقیقی. خوا بە نورێکەوە دەبینێت کە قولایی خودی پڕ دەکات.

بۆ ئەوەی هەژانی ڕوحیی هەبوو تەواو بێت، و لەبەر زۆری هێزی نورەکان کە لە ناو جەستەی ناوەکیدا دەتوێنەوە و لەبەر زۆری ئەو ڕووناکییانە، لە پێناو ئەمە و ئەوەدا، و چونکە ئەو جگە لە خودا هیچی دیکە لە بووندا نابینێت، و سەرگەرم دەبێت بە شادی خۆشەویست، هاوار دەکات: (ئەنا ئەلحەق)(لا أنا الا أنا) تەنیا لێرەدا تاکی تەنیا (الفرد الواحد) یان جەمسەر یان حەکیمی خواگەر، سوارچاکی باوەڕ، هەبوونی ناکۆتایی خۆی بەدەستدێنێ. لە هەقدا بە هەق و بۆ هەق دەمێنێتەوە لە دوای فەنابوونی لە هەموو شتێکدا تەنیا خوا نەبێت. خودی خودایی ئەم مانەوەیەی پێدەبەخشێت.

* * * * * * *

## *مەقامەکان و حاڵەکان

خوێنەری خۆشەویست، پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی نامەکان بکەیت بە پێویستم زانی کە باسی (مەقامەکان و حاڵەکان) پێگەکان و بارەکان بکەم، بۆ ئەوەی ڕووناکییەکی زیاتر بخاتە سەر ئەو

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

پەرەگرافانەی کە لەنامەکاندا دەیانخوێنییەوە کە تیایدا چەندین جار مەقام و حاڵەکان باسیان دەکرێ.بۆ ئەم دێرانەی خوارەوەش پشتم بە دوو سەرچاوە بەستووە:

یەکەمیان: کتێبی د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان،سۆفیگەری.شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا. چاپی یەکەم.هەولێر 2001 لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.کە بەگەڕانەوەی راستەوخۆش بۆ ئەو سەرچاوەیە سوودێکی زیاتر و زانیاری باشترت دەستدەکەوێ.

دووەمیشیان: الدکتور اسعد السحمرانی، التصوف.منشؤه ومصطلحاته.دا النفائس بیروت لبنان.الطبعة الثانیة 2008 کە دیسان ئەویش سەرچاوەیەکی باشە بۆ سوودی زیاتر.

مەقامەکان و حاڵەکان دوو زاراوەن سۆفییەکان بەکاریدێنن بۆ زانینی پێگەی رێبوار لە ڕێی سۆفیگەریەتیدا، مرۆڤی باوەڕدار بە کۆششی جەستەیی و گیانی دەگاتە مەقامەکان، واتە مەقام شتێکی خوایی نییە، بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی رێبوارەوە بەدەستدێت،سەراجی توسی لە بارەی مەقاماتەوە دەڵێت:(مەقام واتە مەقامی عەبد لە نێوان دەستەکانی پەروەردگاردا بەو کۆشش و وەرزش و هەوڵ و خۆگرتنانەی بۆ خوای خۆی دەکات) خوداش فەرموویەتی: (ذلك لمن خاف مقامي وخاف وعيد) (وما منا الا له مقام معلوم) مەقامەکانیش دەبنە هەفت مەقام:

1. ئەلتەوبە:ئەلقەشیری دەڵێ تەوبە بریتییە لە : تەوبە یەکەم ماڵە لە ماڵەکانی رێبوارەکان، و یەکەم مەقامە لە مەقامی ئەوانەی داوای دەکەن. تۆبە واتە گەڕانەوە. گەڕانەوە لەو شتانەی بە پێی شەرعەوە باش نین ئەو ئەوشتانەی کە باشن. هەندێ لە سۆفییەکان هەوڵیانداوە جیاکاییەك لە تۆبەدا بکەن وەك (ئەلحوسەین ئەلمەغازلی دەڵێت دوو جۆر تۆبە هەیە یەکەمیان (تۆبەی ئینابە) ئەوەیە کە لەخودا بترسی چونکە هێزی بەسەرتدا دەشکێ، و (تۆبەی ئیستجابە)ئەوەیە کەشەرم لە خوا بکەی چونکە لێت نزیکە.
2. مەقامی وەرع:وەرع ئەو مەقامەیە کەسێك پێیدەگات کە باوەڕدار و لە خواترس بێت.کە وایلێدەکات هەموو شتێك لە دنیادا بپشکنێ بۆ ئەوەی تووشی حەرام نەبێت و خۆی لە شتی گومانلێکراو بپارێزێت.وەرعیش لە لای یەحیا بن مەعاز دوو جۆی هەیە، یەکەمیان: وەرعی دیار ئەویش ئەوەیە تەنیا بۆ خودا بجوڵێیتەوە. دووەمیشیان وەرعی باتنی ئەویش ئەوەیە جگە لە خوا هیچی تری نەچێتە دڵەوە.
3. مەقامی تەوەکول: جونەید دەڵێ تەوەکول ئەوەیە : (دڵ لە هەموو بارێکدا خۆی بداتە دەست خودا)
4. مەقامی زوهد:بریتییە لە رقبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە جیهان یاخۆ وازهێنانە لە خۆشی و چێژی جیهان لە پێناو چێژی دواهایی.زوهد وازهێنان و کوژانەوەیە لە دڵدا و سێ جۆری هەیە:

یەکەم: زوهدی ئەرك واتە وازهێنان لە حەرام.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

دووەم:زوهدی سوننەت واتا وازهێنان لە شتی گوماندار.

سێیەم: زوهدی فەزیلەت واتا وازهێنان لە حەلاڵ.

5. مەقامی فەقر: هەژاری بریتییە لە نەبوونی شتی پێویست، هەژاریی راستەقینە هەر گومکردنی دەوڵەمەندی نییە بەڵکو گومکردنی ئارەزووی دەوڵەمەندیشە.
6. مەقامی سەبر: ئارامگرتن و خۆگرتنە لە کاتی بەلاّدا.
7. مەقامی رەزا: قایلبوون و گلەیی نەکردن، رەزا ئەوەیە دڵی رێبوار لە ژێر حوکمی خوا ئارام بگرێ.

حاڵەکان:

حاڵ بەخششێکی خواییە و پەیوەندیی بە وەرزشی گیانی و لەشییەوە نییە و جاروبار پەیدادەبێ و دوایی ون دەبێت.

1. حاڵی موراقەبە:بە حاڵەتێ دەگووترێ کە رێبوار هەمیشە بە دڵی خودا ببینێ و ئاگای لە کردەوەکانی بێ)
2. حاڵی قورب: قوب بە واتای نزیکی و خوا لە بەندەی یان پەنابردنی بەندە بۆی هاتووە. واتە رێبوار بە دڵی نزیکی خوا ببینێ و بە پەرستنی لێی نزیك بێتەوە و هیوای هەر ئەوەبێ هەمیشە زیکری خوا بکا و خوای لەیاد بێ.
3. حاڵی مەحەببەت: حاڵەتێکە لە دوای قوربەوە دێت . خۆشەویستی خوا لە خۆشەویستی پێغەمبەر و گوێڕایەڵی فەمانەکانیێتی.
4. حاڵی خەوف:ترس حاڵێکە تووشی باوەڕدار دێت کە ئەو دەقانە دەخوێنێتەوە کە باسی ترس دەکەن.هەر ئەمەش پاڵنەری دروستبوونی بزافی زوهدە.چونکە تێکستە ترسناکەکان سەبارەت بە ترس لە خوا و ئەشکەنجەی دوارۆژ بۆ ئەو کەسانەی رێگەی خوایان نەگرتووە.
5. حاڵی رەجا:ئەلقەشیری دەڵێ: رەجا روانینە بۆ گەورەیی میهرەبانی خودا. ئەبو عەبداللە بن خەفیف دەڵێ: رەجا مژدەیە بە هەبوونی فەزڵی خودا.مرۆڤ کە تووشی حاڵەتی ترس دەبێت ئەوە پێویستی بە لێبووردەیی خوا هەیە بۆ ئەوەی نەکەوێت.
6. حاڵی شەوق:جۆشسەندنی دەروونە بۆ گەیشتن بە خۆشەویست. شەوق ئاگری خوایە لە دڵی وەلییەکانی بەرداوە تاکو هەموو ویست و ئارەزوو و پێویستییەکانی بسووتێنێ.
7. حاڵی ئونس:خدووگرتنی رێبوارە بە خودا، متمانەکردنە لەسەر خواو هانابردنە بەری و ئارامگرتنە لە ئاستانەیدا.
8. حاڵی تومەئنینە:کە رێبوار خدووی بە خوداوە گرت و دڵی پێی شاد بوو لە هەموو هاورێیەك بۆی چاکتر بوو، ئەو کاتە تۆوی دڵنیایی(تومەئنینە) لە دەروونیدا چرۆ دەردەکا و دڵی دادەسەکنێ.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

9. حاڵی موشاهەدە: بێگومان ڕێبوار کە دڵنیایی بە خوا پەیداکردو پێی شادبوو ئەو کاتە دەبێ بگاتە پایەیەك کە بەدی بکات،بەدیکردنەکەش ( بریتیە لەو شتەی کە دڵ دەبینێ بە غەیب.. وە بە واتای موحازەرە واتا نزیکبوونەوەش دێت)

10.حاڵی یەقین:هە کە ڕێبوار بە چاوی دڵ خوای بینی و لێی نزیکبووەوە و هەردەم لە گەڵی بوو، ئەوکاتی بێگومان دەبێ و بەقای باوڕی بەو شتانە دەبێ کە لە دەستی خوایە و بەری دەبێ لە خەڵك. لە لایەکی ترەوە یەقین بەو حاڵە دەگووترێ کە ڕێبوار بەو بەشە قایل بێت کە خوا پێی داوە.

یەقین لە قورئاندا بە سێ جۆر ناوی هاتووە:

1.علم الیقین واتا دڵنیایی و باوەڕ لە ڕێگەی زانیارییەوە.

2.عین الیقین واتا کەشفکردن و بینین بە چاو.

3. حق الیقین واتا گەیشتنە ئەوپەڕی بینین و دڵنیابوون لێی بەهۆی زانستەوە.یەقین بنەمای هەموو حاڵەکانە و بڕوا هێنانە بە غەیب و نەمانی گومانە لە دەروونا.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

# نامەی یـەکەم

# نامەی زمانی مۆران

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خودایە، زانینی پتزم بدەییّ
(ربی زدنی علما)

سوپاس بۆ داهێنەری هەموو شتێك و لە هەقیقەتدا، هەموو بوونەوەرەکان خۆیان بەرهەڤ دەکەن بۆ ئەوەی دان بەوەدابنێن کە هەبوونی هەمووان، یان هەبوونی هەموو شتەکان پێویست نییە تەنیا بۆ دیتنی (گەوهەر) نەبێت. درووودی خوا لەسەر پێغەمبەر گەورەی ڕۆڵەکانی مرۆڤ و یاوەرانی.

چونکە یـەکێك لە هاوڕێیانی موئەیەدین ، کە ڕووی خۆی لە لای هەبوونێکی لاواز کرد، گرتبوو، داوای لێکردم کەمێك لەو دەستەواژانەی بۆ بنووسم کە ئاماژەن بۆ ڕێسا و ڕێبازی ڕەفتار، بەڵێنی پێدام جیا لە خاوەنەکانییان ئەزبەریان بکات، ئەم دەستەواژانە یان ئەو ڕستانە حەکەیاتێکن بەناوی ( زمانی مۆران). سەرکەوتنیش لە خواوەیە.

## بەشی یـەکەم

لە قوڵایی تاریکیدا ژمارەیەکی کەمی مێرووله لە کاروانێکدا دەرکەوتن، کە لە برساندا کەمەری خۆیان بەستبۆوە، یەکەمجار تەنا بوون و دواتر بۆ پەیداکردنی خۆراکیان بە بیاباندا وەربوون، بە ڕێککەوت هەندێ خونچەی شینی ڕووەك کە بۆ دیتنیان لە ناوچەکە بوون، بەیانی کاتێك خوناو دەتکایە سەر ڕووی خونچەکان، مێروولەیەك لە ویـتری پرسی: ئەوە چییە؟ هەندێکیان وتیان:" سەرچاوەی ئەو دڵۆپانە زەوییە" ئەوانی دیکەش وتیان " ئەوە لە دەریاوەیە"

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

له کاتێکدا مشتومڕی مێروولەکان توند بوو، مێروولەیەکی زیت لە ناویاندا هەڵسایەوە و وتی: "ساتێك چاوەڕێکەن تا ببینین" ڕێگەی لار بەرەو ئاراستەی بنەچەی خۆی کێش دەکاتەوە و مەیلی ئاوێتەبوونەوەی هەیە بە سەرچاوەی خۆی، هەموو شتەکان بەرەو هەڵبژاردنی خۆیان کێش دەکرێن،" یان لێرەدا مەبەست ئەوەیە شتەکان بە هەڵبژاردنی خۆیان کێش دەکرێن، یان هەڵبژاردنەکەی بەرەو بنەچەی خۆی دەیبات،" نابینن قورِی زەوی بەرەو ناوەندی زەوی فرێدراوە، چونکە لە بنەچەدا بەردین و گرانە و لەبەرئەوەی ڕێساکەش ئەوەیە کە هەموو شتێك بۆ بنەچەی خۆی دەگەڕێتەوە، زەوی چاڵێکی درێژە، قوڕیش لە کۆتاییدا دادەکەوێت، هەر شتێك بۆ تاریکی بێگەرد بگەڕێتەوە ئەویش تاریکییە، چونکە سەرچاوەکەیەتی. لەو لای تروەوە ڕووناکی ئەبەدی هەقیقەتێکە زیاتر بە تێبینیکردنی جەوهەری شەریف (ڕوح) دیار دەکەوێت. خوداش هەر ئەگەریکی لۆژیکی لە یەکگرتنەدا حەرام دەکات، هەر شتێك داوای ڕووناکی بکات ئەوە لە ڕووناکییەوە هاتووە.

لە گەرمەی مشتومڕی مێروولەکاندا، هەتاو گەرمتر لێهات و خوناوەکان لەسەر ڕووی خونچەکاندا نەمان و لەناوچوون، دوای ئەوە مێروولەکان لەوە گەیشتن کە خوناوەکان سەر بە زەوی نین، بەڵکو سەر بە هەواوەن و بۆ ئەو دەگەڕێنەوە،(نور علی نور یهدی الله لنوره من یشاء ویضرب الله الأمثال للناس)(وأن الی ربك المنتهی) (الیه یصعد الکلم الطیب والعمل الصالح یرفعه)

# بەشی دووەم:

هەندێ کیسەڵ لانەیەکیان لەسەر کەنار هەبوو، لە حەسانەوەیاندا کە تەماشای دەریایان دەکرد لەو کاتەدا دیتیان باڵندەیەکی نەخشدار لەسەر ڕووی ئاوەکەدا وەك باڵندەکانی دیکە گەمە دەکات، هەندێجار دەچووە ناو ئاوەکە و هەندێجاریش سەردەکەوتەوە، یەکێکیان پرسی: "ئەو باڵندەیە هەواییە یان ئاوییە؟"یەکێکی دی وتی: ( ئەگەر ئاویی نەبوایە چی لە ئاو دەکرد؟ سێیەمیان گووتی: ئەگەر ئاویی بوایە نەیدەتوانی بێ ئاو بژیەت" بۆیە دادوەری دلسۆز بڕیاری مادەی دانایی دا کە ئەوەیە: " بۆ ساتێك تەماشای بکە، ئەگەر توانی بێ ئاو بژی ئەوە ئاوی نییە و پێویستیشی بە ئاو نییە، بەڵگەش بۆ ئەمە ماسییە ، چونکە کاتێك ئاو بەجێدێڵێ ژیانی بەردەوام نابێت، لە پڕ گەردەلوولێکی هار هات و ئاوەکەی شەقاند". لەو دەمەدا باڵندە بچکۆڵەکە بەرەو ئاسۆ فڕی، دوای ئەوە بە دادوەریان وت: ڕازیبوونی ئێمە تەفسیرێکی دەوێ، دادوەریش فەرموودەیەکی پێغەمبەرمان درووەی خوای لێبێت ، لەسەر زاری ئەبی تالیبەوە خوا ڕۆحی پیرۆزکات لە بارەی ( وەجد و ترس ) وەوە وەك خۆی بۆ هێنانەوە کە دەڵێ:کاتێك ڕێکخستنی هۆشی لەسەر هەڵگرت گەردوون جێگای لا نەهێشت، لە حاڵەتی وەجدەوە وتی "مەکان لە پێغەمبەردا نەما" و سەبارەت بە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

حەسەن ساڵح (حەسەنی بەسری) لە باری مەحەبەتەوە دەڵێ تەماشای شوێنەواری هاورێیانی دەکرد: (رێنیشاندەری بۆ دەرکەوت، شوێنەکەی بۆ نوشتاندەوە) (ضهر له العیان، فطوی له المکان)

مرۆڤە بلیمەتەکان (حەزەکان یان سۆزەکان ( passions) بە شاردنەوەی عەقڵانیکردن دادەنێین و جەستەش وەك شوێن وایە. ئەلحوسەین کوڕی مەنسور لەبارەی (المختار) هەڵبژێردراوەوە دروودی خوای لەسەر بێت دەڵێ: (چاوی لە کوێی مرۆڤەوە پۆشی) و لە ئونسەوە دەڵێ : سۆفی لە پشت هەردوو گەردوون و لەسەرووی هەردوو جیهانەوەیە، هەمووش رێکن لەسەر ئەوەی تا شاردنەوە هەبێت، چاودێریکردن ناتوانێ چ ئەنجامبدات. و ئەو نەفسەی دەتوانێ ببینێ ئەوە شتێکی مەخلوق و نوێکراوە.

لەو کاتەدا هەموو کیسەڵەکان هاواریان کرد: چۆن دەکرێ چییەتێکی (ماهیەتێکی) زاڵ بەسەر جێگادا، هەڵگیرێت لە جێگادا؟ چۆن دەکرێت لەهەر شەش ئاراستەکانییەوە دەرباز بێت؟ دادوەر وەڵامیدانەوە:بۆیە منیش چیرۆکەکەم بە درێژی بۆ گێڕانەوە. لەوکاتەدا کیسەڵەکان هاواریان کرد:" تۆمان لادا، تۆ لادراویت" دایانە بەر تۆپەڵە قوڕ و گەڕانەوە لانەکەیان.

## بەشی سێیەم:

لە کۆشکی سولەیمان دروودی خوای لەسەر بێت، هەموو باڵندەکان هاتبوون تەنیا (شالوور) نەبێت، بۆیە پێغەمبەر سولەیمان باڵندەیەکی دیکەی ناردە دوای شالوور بۆ ئەوەی پێی بڵێ "پێویستە هەر یەکەمان ئەویدی ببینێت" کاتێك شالوور نامەیەکی بۆ پێغەمبەر سولەیمان نارد، ئەو لانەکەی خۆی جێدەهێشت، بەڵام بە هاورێیەکانی گووت: " فرمانی سولەیمان دروودی خوای لێبێت لەو حاڵەتەدا درۆ نییە، ئەمە گفتێکە بە دیدار، کاتێکیش لانەکەی ئێمە جێگەی ئەو ناکات، کەواتە ناتوانین لەناو لانەدا دیدار بکەین، ئەگەر ئەو لەدەرەوەی بێت، هیچ رێگەی دیکە نییە بۆ دیدار"

پیرێك لە ناویاندا هاواری کرد کە "بەراستی و ئاشکرا پەیمانت پەیمانت دا " " لەسەرمانە سەردانیان بکەین، لە دانیشتنێکی راستگۆدا لە لای شاهێکی بە توانا"(کل لدینا محضون)(وان الینا ایابهم)(في مقعد صدق عند ملیك مقتدر) دەبێتە هەقیقەت و ئەمەش دەبێتە رێگا: کە لانەی ئێمە جێگەی شا سولەیمانی تێدا نەبێتەوە ، دەبێت ئێمە لانەمان بەجێبێڵین و بچینە لای ئەو، ئەگەر وانەکەین ئەوا هەر دیدارێکی تر مەحاڵە.

لە جونەیدیان پرسی خوای لێ رازی بێت، سۆفیگەری چییە؟ ئەم شعرەی وت:

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

له دڵەوە گۆرانی بۆ گووتم منیش وەك ئەو گۆرانیم گووت
لەو جێیەبووین کە لێیبوون   ئەوانیش لەو جێیەبوون کە لێیبووین

# بەشی چوارەم:

شا کەیخوسرەو ئاوێزەکی هەبوو بۆ نیشاندانی جیهان، کاتێ کە پێویست بوایە لەوێدا لێی بگەڕێت، گەردوونی دیت و شارەزای شتە شاراوەکان بوو، ئاوێزەکەی بە کۆیلەیەك دروستکردبوو، بە شێوەی قوچەك، دوایش بە جۆرێك داینا کە لە خۆیەوە بکرێتەوە و دابخرێت.

کە ویستی شتێکی شاراوە ببینێت، سەرپۆشەکەی لەسەر لادا و هەموو بەشەکانی کردنەوە، شتەکە دەرنەکەوت، دوای ئەوەی گرتییەوە، لە ئامێری سوڕانەوە دەرکەوت، لە کاتێکدا رۆژ لە ناوەندی ئاسمان بوو ئاوێزەکەی لە بەرامبەر دانا، کە تیشکی رۆژی پێکەوت هەموو وێنە و هێلەکانی جیهانی لەسەر دیارکەوتن.( ئەگەر زەوی درێژبۆوە و شتەکانی ناوەوەی هاوێشتن و وازی هێناو رێی بە خودای خۆی دا و هەق بوو ئەی مرۆڤ تۆ زەحمەتکێشی بۆ خودای خۆت و دەیبینی)(هیچ شاراوەیەکتان لێ ناشاردرێتەوە) (دەروونی فێرکرد کە چی کردووە و چی نەکردووە.)(واذا الارض مدت والقت ما فيها وتخلت وأذنت لربها وحقت يا أيها الانسان انك كادح الى ربك كدحا فملاقيه)(لا تخفي منكم خافية)(علمت نفس ما قدمت وأخرت)

شعر"
کاتێ لە گەورەی خۆم گوێم لە وەسفی کەوسەری جەم بوو
من خۆم هەمان جامی جەم بووم بۆ نیشاندانی جیهان

شعر:
قسەیان لەسەر جامی نیشاندانی جیهان کرد و
جلە سۆفییەکانیشمان هەمان کەوسەری کۆنی شاردراوەن

جونەیدیش وتویەتی:
تەوارقی روناکی دیار ئەبێ ئەگەر دەرکەوت
رووناکی شەوە پرشنگدارەکان دیارئەبێ و دەبینرێ کە دەرکەوت

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# بەشی پێنچەم:

کەسێك دەبێتە برادەری شایەکی جنۆکە، پێی وت "چۆن بتبینم؟" وەڵامیدایەوە : ئەگەر ویستت بە دیدارمان بگەیت، هەندێ بخور بکە ئاگر و دوایی پارچە ئاسنەکانی ناو ماڵەوە دوور بخەرەوە،لەگەڵ ئەو هەفت کانزایانەی دەنگیان هەیە و زەنا دروست دەکەن و(والرجز فاهجر)، و هەموو شتێك کە هەراوزەنا دەنێنەوە بە ئەسپایی و نەرمی بپێچەوە، بیانبورە و بڵێ سڵاو.(و اصفح عنهم وقل سلام)
پاشان تەماشای پەنچەرەکە بکە دوای دانیشتن لە بازنەیەك و سووتاندنی بخوور، ئەو کاتە دەمبینی.

بەڵام ئەوانیدی: بۆ غەیری خۆیان نموونەی خراپین.(لغیر هم مثل سوء)

جونەید خوای لێخۆش بێت لێیان پرسی: سۆفیگەری چییە؟ ئەوان خەڵکی ماڵێکن جگە لەوان کەسی دی ناچێتە ناوی، و خەواجە ئەبو سەعیدی خەراز خوای لێ خۆش بێت دەڵێ:

سفاتەکانم هەموویان بۆ شا دیارکەوتن
و سفاتەکانم دیار نەمان کاتێ لە حەپسا نەمام
ئەوەش دیارنەما کە دیارنەمانم بۆ ئەو بوو
ئەوەیە فەنای من دە تێبگەن ئەی بەنی هەست

لەوەڵامی یەکێکیشدا ئەو بەیتەی گووتوە:
بزر دەبم و لە بزربووندا نازانم من کێم
ئەنیا ئەوشتانە نەبێت کەخەڵك لەبارەی من و رەگەزی مندا دەیڵێن

سۆفییەکی گەورەش گووتوویەتی (پەیوەندییەکان ببڕە و کۆسپەکان لابەرە تا خوای بوونەوەر دەبینی) هەروەها گووتویەتی : " کاتێ لە هەموو بارێکتدا ئەوە دەکەی" " زەوی بە نوری خوای خۆی پرشنگدار بوو و بە هەقیش دادوەرییان لە نێواندا دەکات"،(اشرقت الأرض بنور ربها وقضي بينهم بالحق) و گووتووشیانە "سوپاس بۆ خوای هەردوو جیهانەکان"(الحمد لله رب العالمين) هەمان ئایەت " سڵاو لەو پەیمانانە کە لە دەستوری (وردی) و شنەبای شەماڵ دێت"

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

# بەشی شەشەم:

لە سەردەمێکدا هەندێ شەمشەمەکوێرە دوژمنایەتی خەڵخەمەگرِویان کرد، زۆر رقیان لە یەکتری بۆوە، ململانێ لە نێوانییاندا لەرادەبەدەر بوو، کاتێ تاریکایی شەو رووی گومەزی شینی داپۆشی، و رۆژیش ئاوابوو، شەمشەمە کوێرەکان بریاریاندا هەوڵێك لە دژی خەڵخەمەگرِو دانێن و وەك سەرباز بە دیل بیگرن. ئەمەش بۆ ئەوەی بە ئارەزووی دڵی خۆیان سزای بدەن و بە کوشتن تۆڵەی لێبکەنەوە.

کە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە هات چوونە دەرەوە و خەڵخەمەگرِوییان بردە ماڵی محنەتی خۆیان بە هاوکاری و یارمەتی یەکێکی دیکە. ئەو شەوە وەك دیل هێشتیانەوە، بەیانییەکەی پرسیان شێوەی سزادانەکەی چۆن بێت؟ هەموویان رازی بوون کە بیکوژن. ئنجا راوێژیان بە یەکێکی دیکە کرد لەسەر شێوازەکە(شێوازی سزادانی)، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە هیچ سزایەك لەوە خراپتر نییە کە تەماشای رۆژ بکات.

خەڵخەمەگرِوەکەش لە دڵەوە خۆزگەی ئەو مردنەی ئەخواست. لە خوداش پارِایەوە ئەو مردنە روویدات:

حوسەین کورِی مەنسوری حەلاج دەڵێ:

بمکوژن ئەی باوەرِدارانم

ژیانم لە کوشتنمدایە

مردنم لە ژیانمدایە و

ژیانیشم لە مردنمدایە.

کاتێ کە رۆژ هەڵات خەڵخەمەگرِوەکەیان فرِێدایە دەرەوەی ماڵە ناشیرینەکەیان (Misfortune) بۆ ئەوەی بە تیشکی رۆژ ئەشکەنجەی بدەن. ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە چالاکی پێدەبەخشی، و وای لیدەکرد بیر لەو کەسە نەکاتەوە کە لە پێناو خودا ، وەك مردوو ، کوژرایەوە.(slain) ( ئەوانە بە مردوو حساب مەکەن کە لە رێگای خودا کوژران ، بەڵکو لە لای خوای خۆیان زیندوون و رزقیان دەدرێ خۆشحاڵن کە خوا لە چاکەی خۆی بۆ هێناون )(ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون فرحين بما آتاهم الله من فضله.)

لە هەقیقەتدا ئەگەر شەمشەمەکوێرەکان بیانزانیبایە چەند لە نیانییەوە ...... هەڵە روودەدات بەوەی کە خەڵخەمە گرِوەکە چێژی بۆ نەهێشتنەوە، ئەوە لە تورِەییەوە دەمرن، ئەبو سولەیمانی دارانی دەڵێ" ئەگەر گێلەکان بیانزانیبایە چ چێژێکی عاریفانەییان لەدەستداوە لە خەفەتان دەمردن."

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# بەشی هەفتەم:

جارێکیان پەپووسولەیمانێك لە ڕێی خۆیدا بەنێو جنۆکاندا بەربۆوە و کەوتە لانەیان، پەپووسولەیمانەکە بە زیرەکی و تیژبینی خۆیەوە زانی، بەڵام جنۆکەکان بیرکول بوون، پەپووسولەیمان شەوەکەی لە لانەی ئەوان بەسەر برد، لە هەموو دەنگوباسێکیان پرسی، بەیانییەکەی پەپووسولەیمان خۆی بەرهەڤ کرد بۆ ئەوەی بڕوا،

لەوساتەدا جنۆکەکان لێیان پرسی: هەی بێ زەوق ئەوە چ شانازییەکە دەیکەیت؟ئایا بەرۆژ سەفەر دەکەیت؟ پەپووسولەیمان گووتی : ئەوە شتێکی سەیرە هەموو بزاوەکان لە ڕۆژدا ڕوودەدەن، جنۆکەکان وتیان:"ڕەنگە شێت بوو بیت کێ ئەتوانێ شتێك بە ڕۆژی تاریك ببینێت کاتێك هەتاو بەرەو خۆرئاوابوون دەچێت؟ ئەویش وەڵامیدایەوە: "تەواو پێچەوانەیە، لە لای ئێوە ڕووناکی هەموو شتێکی ئەو دنیایە لە ڕووناکی ڕۆژەوە دێت، هەموو کەلوپەلە پرشنگەکان ڕووناکییان لە ڕۆژ وەردەگرن، پێیدەڵێن کانی ڕۆژ چونکە سەرچاوەی ڕووناکییە."

ناچاریان کرد کە بۆیان ڕاڤە بکات چۆن هەر کەسێك دەتوانێ شتێك بە ڕۆژ ببینێت، وەڵامیدایەوە: لە کاتی خەیاڵکردنی شتەکان ئێمە پەیوەستییان دەکەینەوە بە خۆمان، هەموو کەسەکان بەرۆژ دەبینن و دەبینرێن.

بەڵام بینینم، کە من لە جیهانی موشاهەدەم کاتێ هەموو چاوپۆشەکان لەسەر چاوم نامێنن، سەرباری گومانەکانیشم، لە ڕێی سرووشمەوە درك بە گەشانەوەی ڕووگەکان دەکەم.

کە جنۆکەکان گوێیان لەم چیرۆکە بوو دەستیان بە شین و ڕۆڕۆ کرد و کردیانە هاتوهاوار، یەکێك بەویەزی گووت: ئەم باڵندەیە جەخت لە بیرتیژی خۆی دەکاتەوە لە ڕۆژدا، لەکاتێکدا بیرۆکەیەکی بنەڕەتی هەیە بە کوێربوون، یەکسەر بە دەنووك و ڕنوکەکانیان هێرشیان کردە سەر چاوەکانی پەپووسولەیمانەکە و جوێنیان پێدا و ناویان لێنا(یەکێك لە ڕۆژدا دەبینێ) چونکە جنۆکە بە ڕۆژ نابینێ و سرووشتی جیاوازە لە سرووشتی پەپووسولەیمان بۆیە هێرشیان کردە سەری چونکە بە گوێرەی سرووشتی خۆیان خەیاڵیان نەدەکرد یەکەس بە ڕۆژ ببینێت. ئەمەش حاڵی سۆفی یان هەبوونی تاکە لە گەڵ گشتدا، چونکە گێلاتییان کوێری کردبوون، پێیان گووت: ئەگەر تۆبە نەکەیت ئەوە مەترسی مردنت هەیە، پەپووسولەیمان بیری کردەوە،: " ئەگەر پەشیمان نەبمەوە دەمکوژن چونکە ئەوان چاویان زامدارکردم، مردن و کوێربوون لەدوای یەکدییەوە دێن، سرووشی بۆ هات:" بە پێی ئەقڵی خەڵکی قسەیان بۆ بکە" یەکسەر چاوەکانی داخستن و گووتی:" لێرەدا چونکە لەگەڵ ئێوەم کۆرەم؟! کاتێك کە دیتیان مەسەلەکان ئاوا لەگەڵیان ڕێکە هێرش و

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بزافەکەیان راگرت، پەپووسولەیمان گەیشتە ئەو رایە لەگەڵ جنۆکەکان " ئاشکراکردنی رازی خودا کفرە، ئاشکراکردنی نهێنی قەدەر سەرپێچییە، و ئاشکراکردنی نهێنیش کفرە."

تا کاتی رۆیشتنی هات پەپووسولەیمان بەسەختی لەسەر کوێربوونەکەی راهات و دەیگووت:

زۆر جار دەمگووت نهێنی ئاشکرا دەکەم

تا نهێنی لە جیهاندا مابن

بەڵام دوور لە ترسی شمشێر و مل پەڕاندن

هەزاران گرێ زمانم دەبەستنەوە

ئەو کاتەدا لەدەروونداُ خەمبار بوو و گووتی: " لە ماڵی خۆشەویستی مندا زانینێکی زۆر هەیە ئەگەر بۆم بکرێ هەڵیگرم" " ئەگەر سەرپۆش هەڵدرایەوە یەقینم زیاد ناکات" ئایەتیش دەڵێ: " سوژدە بۆ ئەو خودایە نابەن کە شاراوەکان لە ئاسمان و زەوی دەردێنێ" ( ألا يسجدوا لله الذي يخرج الخبْ في السموات والارض) و " لەهەر شتێکدا تەنیا خەزنەکانی لە لای ئێمەیە و تەنیا بە بڕێکی دیار دایدەبەزێنن" (وان من شيْ الا من عندنا خزائنه وما نترله الا بقدر معلوم)

## بەشی هەشتەم:

شایەك باخچەیەکی هەبوو لە هەر چوار وەرزەکانی ساڵدا هەرگیز بێ رەیحانی بۆنخۆش و سەوزایی و شوێنی خۆشیی نەبوو ، تاڤگەی مەزن لەوێوە رێیان دەگرت، جۆرەها ئاوازی باڵندان لەسەر لقی دارەکان بەرزدەبوونەوە، هەر ساتێکت بە هۆشدا بێت و هەر جوانییەکت بە خەیاڵدا بێت لەو باخچەیەدا هەبوو، سەرباری ئەمانەش کۆمەڵێك تاوسی لە رادەبەدەر جوان و بە رەفتار و نیان کە هەر لەو باخچەیەدا ببوون و گەورە ببوون لەوێدا هەبوون، رۆژێکیان شا تاوسێکی بانگکرد کە خۆی لە پێستەیەکدا بدووریتەوە بە شێوەیەك کە رەنگی پەڕەکانی دیار نەبن و ئەویش نەبینرێت. هەرچەندە هەوڵی دا ، بەڵام نەیتوانی تێبینی ئەو جوانییە بکات، بە گوێرەی فرمایشتی شا لە باخچەکەدا سەبەتەیەکیان خستە سەری کە تەنیا کونێکی تێدابوو کە لەوێوە یەك دەنك هەرزنییان دەدایێ، بۆ ئەوەی لەوێوە بەندی بکەن و خواردنیشی بدەنێ. کات تێپەڕی و تاوس خۆی و شانشین و باخچە و تاوسەکانی دیکەی لە بیر چوونەوە. تەماشای خۆی کرد و نەیتوانی جگە لە پێستە پیسە کۆنەکەی بەری و شوێنە تاریك و نائارامەکەی شتێکی تر ببینێت.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

تاوسەکە باوەڕی بەو بارەی هات و لە هۆشەوە یەقین بوو کە زەوییەکی دیکە نییە لە بنکەی سەبەتەکە گەورەتر بێت، بۆیەشە یەقین بوو کە هەر کەسێکی دی لەدەرەوەی سەبەتەکە هەوڵبدا خۆشییەك و جێگەیەك و پیرۆزییەکی هەبێت لە پشت " جیهانی سەبەتە یان ئەشکەوت" ئەوە دەبێتە بدعەیەکی ڕەها، لێتێکچوونێکی تەواو و جەهلێکی بێگەرد." واتە لەپشت جیهانی سەبەتەوە شتێکی دیکە نییە" بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك کە بایەك هەڵیدەکردو، لە کونەکەوە بۆنی جۆراوجۆری گوڵ و دارودرەخت و وەنەوشە و یاسەمین و ڕێحانەکانی بۆ دەهێنا، هەستی بە خۆشییەکی سەیر دەکرد، لەوکاتەدا لەناوەوە شڵەژا و هەوڵی دا خۆشی فڕین ئەزموون بکات، لە ناوەخۆیدا هەستی بە ئارەزوویەك کرد، بەڵام نەیزانی ئەو هەستە لە کوێوە هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی تەنیا بە پێستەوە بینی و جیهانیش تەنیا سەبەتەیە، خواردنیش تەنیا دنکە هەرزنێکە. هەموو شتێکی لەبیرچوو.

بەڵام هەندێ کات کە گوێی لە دەنگی تاوسەکان و ئاوازی باڵندەکانی دیکە دەبوو، ئارەزوو و حەزەکەی ئاشکرا دەبوو، بەڵام لە ڕێی دەنگی باڵندەکان و هەڵکردنی سروە و چرپەکانی سپێدە نەبووە زانا.

ڕۆژێکیان گوهداری ئەمەی خوارەوە بوو:

بایەك هەڵیکردە سەرم خەریك بوو دەیگووت
من لە لای خۆشەویستەوە بۆ تۆ نێردراوم

ماوەیەکی درێژ لە شنە خۆشەکان و کە ئەو دەنگە بە جۆشانە لە کوێوە دێن، ڕاما:

ئەی ئەو بروسکەیەی دەدرەوشێیتەوە
لە قولایی چ ئاگرێگکدا ئەگەشێیتەوە

نەشیتوانی لە هۆکارەکانی خۆشییەکەی بگات کە لەو ساتەدا دایدەگرت:

ئەگەر لەیلای عامری سلاوی لێ کردم
کە بە گۆڕ و ئاسن دەورە درابووم
سلاوێکی ڕووگەشیم وەرگرت
لە دەورەی گۆڕدا دەنگی دایەوە

نەزانینی دەگەڕێتەوە بۆ لەبیرچوونی خودی خۆی و نیشتمانەکەی،" خودایان لەبیر کرد خۆیانی لە بیر بردنەوە"(نسوا الله فأنساهم أنفسهم) هەر کاتێك کە بایەك یان دەنگێکی لە باخچەکەوە بۆ هاتبا، بێ هزرکردن و ڕوانین هەستی بە ئارەزوویێك دەکرد:

پاش لاوازی بروسکی مەعەرە هات و بە پێچەکانی پیری وەسف کردم

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF
Complete
Documents

به پیادە و سواری و ئەسپ و وشتر
ئەوەندە زیادبوو تا ئەو رادەیەی توێشووی سەفەر دەبووە بارگرانی

**له سەر ئەو رەوشەی مایەوە تا رۆژێکیان شا فرمانی دا کە باڵندەکە بێنن و لەسەبەتە و پێستەکە ئازادی بکەن.**(انما هي زجرة واحدة )( فاذا هم من الاحداث الى ربهم ينسلون)(واذا بعثر مافي القبور وحصل ما في الصدور ان ربهم بهم يومئذ لخبير) **دوای ئەوەی تاوس لە بەربەستەکان دەرچوو کە بینیانی، خۆی لە باخچەکە دیتەوە، رەنگ و باخچە و گوڵ و شێوەکانی جیهان و توانای رۆیشتن و فرین، دەنگ و ئاوازی باڵندەکانی دی دیتەوە، هێشتا سەرسام بوو بە باری ترس و حەسرەتەکانی خۆی و هەستی بە سوێبوونەوە کرد:** (بەداخەوە چەند لە خودا دوور کەوتمەوە)(يا حسرة علي ما فرطت في جنب الله)" **پەردەمان لەسەرت هەڵماڵی ئەگەر ئەمرۆ چاوەکانت تیژن** (فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد) " **چونکە ئەمرۆ گەیشتوونەتە** ( الحلقوم) **ئەو کاتە دەبینن و ئێمە لە ئێوە لێی نزیکترین بەڵام نابینن**(فلولا اذا بلغت الحلقوم و أنتم حينئذ تنظرون ونحن أقب اليه منكم ولكن لا تبصرون) **(نەخێر ئنجا پێی ئەزانن و نەخێر ئنجا پێی ئەزانن)**(كلا سوف تعلمون ثم كلا سوف تعلمون)

# بەشی نۆیەم:

**هەموو ئەستێرە و هەسارەکان لەگەڵ ئدریس سڵاوی خوای لێبێت ئاخاوتن، ئدریس لە مانگی پرسی:" بۆچی رووناکیت هەندێ کات کەم دەبێتەوە و هەندێ کات زیاد دەکات؟" وەڵامیدایەوە :(تۆ بزانە! من جەستەم رەشە بەڵام تریسکەدارە، رووناکیم نییە، بەڵام کاتێ کە لەگەڵ رۆژدا پێچەوانەم و لەگەڵ پێچەوانەییدا رێکم، هەندێ لە رووناکی ئەو لە ئاوێنەی جەستەی مندا پێ دەبێتەوە، وەك ئەو شێوانەی لە ئاوێنە دەردەکەون، کاتێکیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەورە هاتم، لە نزمترین پێگەوە لە مانگی نوێوە بۆ لووتکەی مانگی تەواوەوە چوومە پێش، ئدریس لێی پرسی: " هاورێیەتیتان چەندە؟" مانگ وەڵامیدایەوە : (تا رادەیەك کە لە کاتی رووبەرووبوونەوەدا تەماشای خۆم دەکەم دەبینم رۆژ دەبێتە هۆی وێنەی روونی رووناکی رۆژ هەتا هەموو نیانی رووگەم و تریسکەی رووم بە رووناکی ئەو تێکەڵ دەبێت، بۆیە من هەر چەند تەماشای خۆم بکەم لە هەموو کاتێکدا رۆژ لە خۆمدا دەبینمەوە، نابینی ئەگەر ئاوێنەیەك لەبەرامبەر رۆژدا دابنێی، ئەوە وێنەی رۆژی تیا دەبینرێت؟ ئەگەر داماننا بە فرمانێکی خودایی ئاوێنە بووە خودان چاو و لەبەرامبەر رۆژدا تەماشای خۆی کرد، ئەو نابینێ، بەڵام دەڵێ : (من رۆژم) چونکە ئەو جگە لە رۆژ**

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

چیدیکە لە خۆیدا نابینێتەوە، ئەگەر وتیشی : (من هەقم – أنا الحق) یان " ئەی پاك و بێگەردم (سوبحانەکەم) من چەند گەورەم" دەبێت عوززەکەی قبوڵ بکرێت، هەتا ئەگەر خەیاڵیشی کرد (کە نزیکبووم تۆ منی).

## بەشی دەیەم:

گریمان کەسێك لە خانووێکدا دەژی، خانووەکە بە ئاراستەیەکدا بوو، ئەویش بەهەمان ئاراستەی ئەو دەبێت، ئەمەش پێویستی بە نەفیکردنەوەی ئاراستە هەیە لەم پێناوەدا (فرغ لي بيتا أنا عند المنكسرة قلوبهم) ( خودا لە ئاراستە و شوێندا ئازادە، گریمانەی بەرهەڵستکارەکان هەر لە بنەچەدا هەڵەیە ) (على قدر أهل العزم تأتي العزائم ) " هەموو شتێك لە ماڵدا لە زەوی خوا دەچێت" ( هیچ وەك ئەو نییە ئەو گوێدێر و چاوساغە)(ليس كمثله شيء وهو السميع البصير) هەرگیز ماڵ و زەمینی خوا یەك شت نین.

## بەشی یازدەیەم:

هەموو شتێك بە سوود و بەتام بێت خراپە، هەر شتێك لە ڕێگەدا دەمامك بێت دەبێتە نیشانەیەك بۆ گومڕایی پیاوەکان، ئەگەر لە کاتی داواکردن و کردارەکانت لە دەروون ڕازی بیت ئەوە لاوازی و نەخۆشییە لە ڕێڕەوی سەفەری (سۆفی) دا ئەگەر دڵخۆش بیت بە خۆت ئەوە پووچەڵە،(باتڵە) هەرچەندە لەگەڵ حسابی هەقیقەتدایە، ڕووکردنت بەتەواوی بەرەو خوا ئازادی یە.

## بەشی دوازدەم:

گێلێك چرایەکی لە بەرامبەر ڕۆژدا دانا ئنجا وتی: "دایکە ڕۆژ چراکانی ڕووناك کردینەوە" دایکی وەڵامیدایەوە: " ئەگەر لە ماڵەوە شتێك بردرابێ بە تایبەتی لە نزیك ڕۆژەوە، ئەوە هیچ شتێك نامێنێ و ڕووناکی و گەشانەوەی لەناو دەچێت" بەڵام ئەگەر کەسێك شتێکی گەورە ببینێت ئەوە بەراوردێکی بچووکی لەگەڵدا دەکات، لەوانەیە کەسێك لە تیشکەکانی ڕۆژەوە بێتە ماڵەوە، و هیچ شتێك نەبینێ هەر چەندە ماڵ ڕووناکیشە،" (هەرچی لە سەرییەتی فانی یە ڕووی خوداشت بە گەورەیی و ئیکرامەوە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

ئەمێنیێت)(كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام) ( هەموو شتێك جگە لە الله باتڵە) ( ئەو یەكەمین و دواهەمینە دیار و پەنهانە و بە هەموو شتێكیش دەزانیٚ)

نامەی زمانی مۆران بە سوپاسی خوای گەورە تەواو بوو.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# نامەی دووەم

# چریـکەی سیمرغ

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، هێز و حەول لەوەوە

سوپاس بۆ ژیانبەخش و داهێنەری هەبووەکان، درووود لەسەر گەورەی پێغەمبەران، خاوەنی پێغەمبەرایەتی دیار، و گەورەی شەریعەتی مەزن، نیشاندەری نموونەییترین ڕێگا، محەمەدی موستەفا درووودی سلاوی خوای لێبێت.

ئەمە کۆمەڵە دەستەواژەیەکی کەمە لە بارەی ڕەوشەکانی (ئیخوان التجرید) و "گۆشەگیری" م نووسیووە. ئەم وەسفەشم لە دوو بەشدا دەستنیشان کردووە:

## بەشی یـەکەم لە بارەی سەرەتاکان

## بەشی دووەم لە بارەی کۆتایـیـەکان

ئەم نامەیـە بە ناوی "چریکەی سیمرغ" کرد، ئەوەی کە نە زمان و نە زبانی هەیـە، مانەوەی ئێمەش بۆ ئەوەیە کە پێشەکییەك لەسەر ئەم باڵندەیە و نیشتەجێبوونی بدەین کە شایانی هەموو ڕێزێکە، باڵندەیەکە ئەقڵێکی پرشنگداری هەیە، هەر کەسێك لە وەرزی بەهاردا بچێتە چیای قاف ئەم باڵندەیە ئەبینێ، ئەو لە هێلانەکەی خۆیدا گۆشەگیر دەبێت و بە دەنووکی پەڕەکانی دادەماڵێ، کاتێك سێبەری چیای قاف بۆ ماوەی هەزار ساڵ دەکەوێتە سەری، " ڕۆژێك لەلای خودات، وەك هەزار ساڵە کە دەیژمێرن"(ان یوما عند ربك كألف سنة مما تعدون) ئەم هەزار ساڵە لە چاوی ئەهلی هەقیقەتدا وەك گزنگێکە لە مەملەکەتی خودایـیدا لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵبێت. لەو کاتەدا سیمرغ بێئاگاکان بە ئاگادێنێ.

نیشتەجێبوونی لە چیای قافدا و تێبینیـیەکانی ئەگەنە هەمووان.سەرباری کەمی گوێگرانی، هەمووش لەگەڵ ئەون و هەمووش لەگەڵ ئەو نین، وەك شاعر ئەفەرموێت:

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

ئێوە لەگەڵ ئێمەن و بۆ ئێمە نەبوون
ئێوە روحی ئێمەن بۆیە گیراون

سێبەرەکەی چاودێریکردنی روحییە بۆ ئازارکێشەکان و ئەوانەی کەوتوونەتە داوی نەخۆشییەکانی (گەشەنەکردن و شەکەتی) هەروەها بەسوودیشە بۆ نەخۆشی گڕووبوون و جۆرەها خەمباری دەرەوێنێتەوە، سیمرغ بێ جوڵە دەفرێت، بێ سەفەر هەڵدەستێ، هەروەها لە کۆسپەکانی دووری دەپەڕێتەوە و نزیك دەبێتەوە، بەڵام من دەتناسم، هەموو رەنگەکانی هەیە هەرچەندە بێ رەنگیشە، هێلانەکەشی لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوادا هەرگیز بێ ئەو نییە، هەموو ئەو شتانە شوێنێك لەناو ئەودا داگیر دەکەن و لەهەمان کاتیشدا ئەو لە هەموو ئەو شتانەدا ئازادە، و هەموویان پڕیدەکەن و ئەو لە هەموویان بەتاڵە. و هەموو زانستەکان لە تێبینیکردنی ئەو باڵندیەوە پەیدا دەبن، سەرباری ئەمانەش هەموو ئامێرە موزیکییەکان وەك ئۆرگون و (ئامێرە مۆزیکییە سەیرەکان) لە دەنگی ئەم باڵندەوە پەیدابوونە، وەك شاعر ئەڵێت:

چونکە تۆ هەرگیز سولەیمان نابینی
چۆن فێری زمانی باڵندان ئەبی؟

خواردنی لە ئاگرە، ئەگەر یەکێك پەڕەکانی ببەستێتەوە و پەڕەکانی لای باڵی راستی لە بیر بکات، ئەوە ئەو کاتە ئاگرەکە دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر کەسێك ئەمەی دیت، ئەو لەبەرامبەر ئاگردا داوای بەڵگەیەك دەکات، بەیانی سروودار لە هەناسەی ئەوەوە دێت، بۆیە دڵدارەکان راز و نیازەکانی دڵ و ئەقڵییانی بۆ دەگێڕنەوە، و هەموو ئەوشتانەی لێرەدا نووسراون شاردراوەن، (مەبەست لە شاردراوە ئەوەیە ئەوەی لێرەدا نووسراوە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە لە باتندا هەیە)، لەوەی لە سینەدایە" بەشێکیشی بە کورتکراوەی تێبینی و ئەژمێرەکانی ئەو دادەنرێت.

## یەکەم : بەشی یەکەم: لە بارەی سەرەتاکان

## فەسڵی یەکەم: لە چاکەکاری ئەم زانستە لەسەر هەموو زانستەکان

بە هەموو ئاراستەکاندا دەتوانین بڵێین کە زانراوی شەریف"واتە زانستی دڵی شەریف" لە زانستەکانی دیکە چاکترە لەبەر چەندین هۆکار.

یەکەم: چونکە ئەوەی زانراوە (بۆ دڵ) بڵندتر و پایەبەرزترە، بۆ نموونە زێڕ چاککردن لە دروستکردنی زینێکی جوان باشترە، ئەوە بۆ زێڕ و شتی تری وەك دار و خوریش باشترە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دووەم: چونکە بەڵگەکانی ئەم زانستە لە بەڵگەکانی زانستەکانی دی بەهێزترن.

سێیەم: چونکە کارکردن لەم کایەدا زۆر مەترسیدارتر و بە پایەترە، بە بەراوردکردن لەگەڵ زانستەکانی دی دەبینین هەموو بەڵگەکانی چاکتربوون و ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئەم زانستە بەسەر زانستەکانی دیکەدا هەیە.

بە تێبینیکردنی (زانراو) و (دیار) پێدەچێت ئامانجی ئەم زانستە هەقیقەت بێت، ناکرێت شتەکانی دی بە بەرزی و گەورەیی ئەم زانستە بەراورد بکرێت. لەبەر جێبەجێگەیاندنی بەڵگە و پشتگیریکردنی سەلماندنەکان، دیارە دیتن لە تاوتوێکردن و بینەوبەردە بەهێزترە.

زاناکانی (کەلام) پێیان وایە، هەقی تەعالا زانستی پێویست دەداتە مرۆڤ لە سەر سفات و هەبوونی، کە ئەمەش لەگەڵ شەرعدا ڕێك دێتەوە، و لەبەرئەوەی ئەم زانستە "شەرعییە" بۆیە پەیداکردنی مەعریفەیەکی لەم جۆرە یەقینێکی پایەبەرزترە لەو مەعریفەیەی کە پێویستی بە هەڵگرتنی تێبینیکردن و ماندووبوونی عاقڵبوونەوە هەیە، یان پێویستی بە دابەزینە بۆ شوێنی گومان و گومانکردن، جارێك لە سۆفییەکیان پرسی:" بەڵگە لەسەرهەبوونی دروستکەر چییە؟ وەڵامیدایەوە:" سەبارەت بەمن سپێدە ،پێویستیم بە چرا ناهێڵێت" سۆفییەکی دیکە گووتوویەتی:" ڕوخساری دەرەوەی ئەو کەسەی لە ڕێی گفتوگۆوە لە هەقیقەت دەگەڕێت، وەکئەوە وایە بە چرا لە ڕۆژ بگەڕێت". چونکە زاناکانی بنچینە (ئسوڵ) ڕازیبوون و پێکهاتوون کە هەقی تەعالا لە جیهانی دواییدا درککردنی کەشف بە مرۆڤ دەبەخشێت بۆ ئەوەی خوا بە بێ واستە و بێ جەدەل و بێ بەڵگە و ئاگاداری و بێ ئیعتبارات لەگەڵ ئەهلی هەقیقەت ببینێت، لەسەر ئەم بنەمایانە درککردنی لەم جۆرە دروست لە دڵی مرۆڤدا دروست دەبێت بۆ ئەوەی خوای تەعالا لەم جیهانەدا بێ واستە و بێ بەڵگە ببینێت، ئەمەش وەك (عومەری کوڕی خەتاب) ڕەزای خوای لەسەر بێت دەڵێت:" دڵم خوای دیت" و عەلی خوا ڕووی سپیکات، دەڵێ: " ئەگەر پەردە کەشف بێت یەقینم پتر نابێت".

لێرەدا گونجاو نییە نهێنییە شاردراوەکان لەم بابەتەدا وردکەینەوە.

بە گوێرەی دیتنی ئێمە بۆ گرنگی، گومانی تێدا نییە کە گرنگترین شت بۆ مرۆڤ بەختەوەری گەورەیە، لە ڕاستیدا ناکرێت هەموو داخوازییەکان لە نامەیەکی کورتدا باسبکەین، بەڵام گەورەترین ماناکانی سەرکەوتن لە مەعریفەدایە، بۆیە بە لە هەموو لایەك بۆمان سەلماوە کە مەعریفەی "سۆفی" لە هەموو مەعریفەکان پایەبەزترە، جونەید، خوای لێخۆشبێت دەڵێ: " ئەگەر بزانم لەو جیهانەدا، لە ژێر ئاسماندا

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

زانستێکی پایەبەزتر لەو مەعریفەیە هەیە، کە ئەهلی حەقیقەت پشکنیویانە، ئەوە ئەو زانستەم دەکرێ، و هەوڵیشم دەدا بە باشترین ڕێگە بدۆزمەوە بۆ بردنەوەی"

## فەسڵی دووهەم:
## سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئەهلی سەرەتا

بریسکەی یەکەم، کە لە خوداوە بۆ ئەهلی هەقیقەت دێ، بە شێوەی نیشانەکان و بەختەکان" نووسراوەکان و بریسکەکان" ئەو ڕووناکییانەی دەرژێنە سەر ڕوحی سۆفی سالك، لە جیهانی پیرۆزەوە " جیهانی ئەبەدی" دڵخۆشکەرن، وەك: بروسکەیەکی ساتی لە ناکاو هەڵدەقوڵێت و بریسك دەدا و لەناکاویش بزر دەبێت، " ئەو بروسکەتان نیشان دەدات"(وهو الذي يريكم البرق) لە لایەکی دیکەوە ئەو بروسکە لە ناکاوانە ئاماژە بە" کاتەکانی" ئەهلی تەجرید، و سوفییەکان بە (العوارض) دەڵێن "کات"، کە پێی دەگووترێ العوارض "بە کات " بۆیە دەبینین سۆفییەك دەڵێ: "کات لە شمشێر تیژترە" هەروەها گووتوویانە:" کات شمشێرێکە دەبڕێ" لە کتێبی خوای تەعالاش ئاماژەی زۆر هەیە لەمبارەیەوە، دەڵێ: " يكاد سني برقة يذهب بالابصار" لە ئەبوبەکری وەسەتییان پرسی:" بێزاری هەندێ خەڵك لە بیستنی موزیك لە کوێوە دێت؟ وەڵامیدایەوە:" بروسکەیەك هەیە دەردەکەوێت و بزر دەبێت" ئەم بەیتەشی بە بەڵگە هێنایەوە:

وەك بروسکە بە دڵدا هات
هاتنی بروسکەیەك دەستپێکرد و نەما

خوای تەعالاش لە کتێبی پیرۆزدا دەڵێ: " ولهم رزقهم منها بكرة وعشيا " ئەم بروسکانە هەموو کاتێك نایەن، واتە کاتیان جێگیر نییە بەڵکو لە کاتی دیارنەکراودا دێت یان نایەن، کاتێکیش مەشقەکانی پاکی(الزهد) پتر بێت، ئەوا بروسکەکان زیاتر دێن، تا دەگاتە ڕادەیەکی دیاریکراو، لەوکاتەدا: کە مرۆڤ تێیرادەمێنێ، هەندێ لە بارەکانی دونیای دیکە دەبینێ، لەناکاو ئەم بروسکە لەناکاوانە بەدوای یەکدا دێن، و لەوانەیە "دوای کاریگەرییەکانی"، وەك چۆن زانراویشە پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت لە ڕاڤەی ئەم حاڵەتەدا دەڵێ: "خوداتان لە ڕۆژانی ژیانتاندا هەناسەی میهرەبانی پەخشدەکات خۆتانی بدەنە بەر" و لەکاتی کرانەوەدا، بۆ وەدستهێنانەوەی ئەم حاڵەتە، عاشقی سالك دژی ئارەزووە شەهوانییەکان، لە هاوکاری بیری

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ناسك و زكری بێگەرد ئەگەرێت، رەنگە هەندێجار ئەم حاڵەتە بۆ كەسێك بێت، كە مەشقیشی لەسەر پاكیی نەكردبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە نەزانی دەمێنێتەوە.

و ئەگەر تاكێك لە رۆژانی جەژندا كاتێك خەڵك دەچنە پەرستگەكان و دەنگی تەكبیر و هۆسەو هەرا بەرزدەبێتەوە دەنگی موزیك ژەنان بلاودەبێتەوە چاوەڕێی بكات، ئەگەر هات و مرۆڤ زیرەك و سرووشتێكی ساغ و توانای وەبیرهێناوەی بارەكانی كۆنی هەبوو، ئەوە یەكسەر ئەو كاریگەرییە دەبینێتەوە ،و لەوپەڕی ناسكیدا دەبێت سەرەڕای ئەمەش كاتێك مرۆڤ لە جەنگەكاندا رووبەڕووی یەكدی دەوەستن و دەنگی جەنگاوەران بەرز دەبێتەوە، حیلەی ئەسپ و دەنگی دەهۆڵەكان دێت، خەڵكەكە بۆ شەڕ شمشێرەكانیان لە كالانەكانییان دەردەكێشن، هەر كەسێك، لەو دەمەدا، ئەگەر تۆزیك پاكی لە دڵدا بێت، با مەشقی پاكیشی نەكردبێت، ئەو هەست بەو حاڵەتە دەكات، بە مەرجێك لەوكاتەدا دەبێت بیری بارە پیرۆزەكان بكات،و بیری بۆ گیانە كۆچ كردووەكان هەڵبگرێت، پیرۆزی و ریزەكانی خەڵكانی لە سەرووتر ببینێت.

بەهەمان شێوە ئەگەر كەسێك بە سواری ئەسپێكدا بە تیژی تێپەڕێت، و وابزانێت كە جەستەی بە جێهێشتووە و زۆر بەڕێز بووە، تەنیا بە روح چووە لای حەزرەتی وجودی ئیلاهی بۆ ئەوەی لە ریزی پیرۆزەكان بێت، ئەوا كاریگەری ئەم حاڵەتەی بۆ دیار دەكەوێت، ئەگەر مەشقیشی لەسەر پاكیی كردبێت. نهێنی هەن كە تەنیا چەند كەسانێكی كەم نەبن تێی ناگەن، كاتێك ئەم بروسكانە بۆ مرۆڤ دێن تا رادەیەك كاریگەرییان لەسەر مێشك دەبێت، ەنگە لە مێشك و شانەكان و پشت ... هتدیش دیار بكەوێت، بەلام دەماری خوێن دەست بە لێدانی ناسك دەكات، كە هەوڵی گوێبیستنی تەواو دەدات، ئەمەش بەزترین پێگەیە.

# فەسڵی سێیەم:

# لەبارەی تەناهییەوە

لە كۆتاییدا كاتێك رووناكی نهێنی دەگاتە پلەیەكی بەرز ئەوا خێرایی ناڕوات و بۆ كاتێكی درێژ دەمێنێتەوە، بۆیە پێی دەگووترێ تەناهی، چێژەكەی لە چێژەكانی بروسكەكانی دی خۆشترە. كاتێكیش مرۆڤ لە تەناهی دێتەوە و دەگەڕێتەوە دۆخی مرۆڤایەتی ئاسایی، ئەوا لە حاڵەتی جیابوونەوەدا تژییە لە پەشیمانی، بە تەماشاكردنی یەكێك لە قدیسەكان دەكات كە دەڵێت:

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ئەی نەسیمی نزیکی چەندە چاکی
ئەوەی لێت نزیکبوو تامی خۆشی کرد
چ ژیانێك بۆ ئەو کەسانەی نزیکبوونەوە
لە پیرۆزییان خواردەوە ئەوانەی هاتنە لات

تەناهیش لە زۆر باردا لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە وەك خوای گەورە دەڵێ: "خوا تەناهی خۆی ناردە خوارەوە"(فأنزل الله سكينته) لە شوێنێکی تردا دەڵێ: ئەو تەناهی ناردە خوارەوە بۆ دڵی باوەڕداران تا باوەڕیان لەگەڵ باوەڕیان پتر بێت"(وهو الذي انزل السكينة في قلوب المؤمنين ليزدادوا ايمانا مع ايمانهم) ئەو کەسەی تەناهی بەدەستبێنێ درك بەو شتانە دەکات کە عەقڵی مرۆۆ درکیان پێ ناکات، مەعریفەی شتە شاردراوەکان دەباتەوە، زیرەکی ئەقڵی تەواو دەبێت.

پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فێریکردین و دەڵێ:(خۆت لە زیرەکی باوەڕدار بپارێزە، ئەو بە نوری خوا سەیر دەکات) عومەر خوا لێی رازی بێت دەڵێ پێغەمبەر فەرموویەتی:" لە مللەتی مندا قسەکەر و ئاخاوتنکەر هەن، عومەریش یەکێکە لەوان" و لەسەر عومەریش گووتوویەتی: " تەناهی لەسەر زمانی عومەرەوە قسە دەکات".

خاوەنی تەناهی گوێبیستی دەنگی خۆشییە بڵندەکان دەبێت لە بەهەشتی بەرزەوە، نامە روحانییەکانی پێدەگەن، ئەو کاتە دڵنیا دەبێت، وەك چۆن سرووشی ئیلاهی ئەڵێت: (تەنیا بە زکری خوا دڵەکان تەنا ئەبن).(الا بذكر الله تطمئن القلوب)

خاوەنی تەناهی دڵنەوایی و وێنەکانی بەخشندەیی ئیلاهی لە کاتی چێژی پەیوەندی بە جیهانی رۆحی دەبینێت، مەقاماتی ئەهلی مەحەبەت لە ناوەراستی مەقاماتەکان دایە، لە باری نێوان بێداری و نووستندا، خاوەنی تەناهی، دەنگی ترسناك و هەرای سەیر دەبیستێت لەکاتی سەپانی تەناییدا،و رووناکی گەورە دەبینێت، لەوانەشە هێزی نەمێنێ و دەستەوەستان بوەستێ، لەکاتی هورروژمهێنانی خۆشیدا، ئەم رووداوانە بەسەر ئەو کەسانەدا دێن کە لە هەقیقەت دەگەڕێن، دەربڕین لەو کەسانە ناکات کە لە نهێنییەکی تەواو و خەیاڵێکی نەزۆکدا چاویان داخستووە، کاتێك هەست بە رووناکییەکانی هەق دەکەن بۆیە زۆریان پەشیمان دەبنەوە، ( و خسر هنالك المبطلون)

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# دووەم: بەشی دووەم

# لەبارەی کۆتاییەکان

## فەسڵی یەکەم: لەبارەی فەنابوون

تەنایی لەوەوە بەدیدێت ئەگەر مرۆڤ توانی لەدووری خۆیەوە بیپارێزێت، کە نەیتوانیوە وابکات.

مرۆڤ دەگاتە ئەو پێگەیە هەرچەند حەز بکات، و دەستی لە جەستە بەردا، و بەرەو جیهانی دەسەڵات و پیرۆزی رۆیشت، و پاکیی گەیشتە بەرزاییەکانی ئاسمان، هەر کاتێك حەزی کرد و ویستی ئەوە دەتوانێ وابکات. بۆیە هەر کاتێك تەماشای خۆی دەکات هەست بە خۆشی دەکات چونکە نوری ئیلاهی دەبینێت بەسەریدا دەرژێت، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتۆتە پلەی (کەمال) تەواوەتی، چونکە تا دەروون کەیفی بە چێژەکان بێت ئەوە ناگاتە تەواوەتی، ئەگەر ماندووبوونەکەی بەزرتر وباڵاتر کرد، ئەوە لەو پایەیەشدا دەرباز دەبێت، "مەبەست پلەی تەناهییە"، لەو پایەیەدا باڵاتر دەبێت چونکە تەماشای خۆی ناکات، هەروەها مەعریفەی سەبارەت بە وجودی خۆی فەنا دەبێت، ئەو بەتەواوی لە هەبووندا فەنا دەبێت و ئەمەش پێیدەڵێن گەورەترین فەنابوون، لە غیابی هەست کردن بە چێژ و خوددا، کاتێك کە خۆی لە بیر دەکات و لە بیرچوونەوەی بیرچوونەوەی خۆشی لە یاد دەکات، ئەوە پێیدەڵێن (فەنابوون لە فەنابووندا) بەڵام چونکە خەڵك هێشتا چێژ لە مەعریفەت وەردەگرن ئەمە بە دۆڕان دەژمێردرێت، و گومڕاییەکی داپۆشراوە" وتە تەنیا بۆ مرۆڤە".

لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ ناگاتە پلەی تەواوەتی تەنیا لەو کاتە نەبێت کە مەعریفەی خۆی لە (عارف) تەواو بکات، چونکە هێشتا کەیفخۆشە و چێژ لە مەعریفەوە دەبینێت، بە هەمانشێوە سەبارەت بە (عارف)یش هەمان شت دەکات، "مەعریفە داوانەکات چونکە ئەو داوای عارفی کردووە و ئەگەرێتەوە سەر هەمان رۆڵ"، چونکە کاتێك بە تەنیا دەبێت لە عارفدا، واز لە بیرکردنەوە لە مەعریفە دەهێنێت،یان بەئاراستەیدا بڕوات. لەو کاتەدا مەعریفەی مرۆڤایەتی نامێنێت.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ئەم حاڵەتە پێیدەگووترێت (شاردنەوە یان سڕینەوە) ئەمەش دەبێتە مەقام: (كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام)

یەكێك لە توێژەرانی هەقیقەت سەبارەت بە تەوحید ئەبینێت كە " لا اله الا الله" دەربڕین لە تەوحیدی خەڵك دەكات، و شێوازی "لا هو الا هو" تەعبیر لە كەسە تایبەتەكان دەكات، ئەویش بەمشێوەیە هەڵەی لە پۆلینكردنەكەیدا كردووە، چونكە چوار پلە هەن و پێنجەمینیشان تەوحیدە:

پلەی یەكەم: " لا اله الا الله" كە ئەمەش تەوحیدیی گشتییە و نەفی خواوەندیەتی لە هەمووشتێك دەكات جگە لە خودا، ئەوانەش زۆرینەی خەڵكن، كە خواوەندییەتی ناخەنە پاڵ هیچ تەنیا خوا نەبێت. لەسەر ئەم تایەفەیەدا تایەفەیەكی بەرزتر هەن كە ئەوانیش:

پلەی دووەم: ئەوانەن كە دەڵێن: "لا هو الا هو" ئەمانە بڵندتر و پایەیان بەرزترە، چونكە كاتێك كە پلەی یەكەم نەفی خواوەندییەتی دەكەن جگە لە خودا ، ئەوا ئەمانە خۆیان بە نەفی هەقیقەت نابەستنەوە لە شتێك كە هەقیقی نییە، ئەوان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەبوونی خودایی هەق هەموو وێنەكانی هەبوونی دیكە نەفی دەكەنەوە. ئەوان نەفی هەر (ئەویكی خودایی – هو الالهي ) دەكەنەوە لەبەرامبەر هەر جۆرە(ئەو – هو)یێك، واتە جگە لەو، (ئەو)یێكی تر نییە بتوانێت ئەوەی هەبێت ناوی بنێت (ئەو) چونكە هەموو(ئەو)یێك لەو دەردەچێت و دادەڕێژرێت. بۆیە لێرەدا ئەوگەریی (Heship) تەنیا لەودایە و لە كەسی تردا نییە، لەسەر ئەم تایەفەیەش تایەفەیەكی دی هەیە:

پلەی سێیەم: خاوەنەكانی دەڵێن كاتێك یەكێك گازی یەكێكی دی دەكات بە (ئەی تۆ–یا أنت– Asthou) ئەوا لەو كاتەدا لە خۆی جیا دەكاتەوە و جەخت لەسەر دووانەیی دەكات، دووانەییش لە جیهانی یەكێتییەوە دوورە، ئەمەش پلەی ئەوانەیە كە ئەڵێن (لا انت الا انت) ئەمانە لەوانەی پێش خۆیان بەرزترن، چونكە ئەوانە ناوی خودا بە ڕاناوی نادیار ناهێنن وەك ئەوەی كە شتێكی نادیار بێت، هەموو (انت– تۆ)یەك ڕەتدەكەنەوە دەیەوێت شایەدی بەوە لەسەر خۆی بدات،ئەوان خۆیان لە حزوری خودا فەنا دەكەن ، بۆیە ئەوانە لە هەموو پلەكانی تر بڵندترن.

پلەی چوارەم: ئەڵێن (لا انا الا انا) بەمەش ئەوان لە پێشووتر بە ڕاستگۆتر قسە دەكەن، هەر كەسێك قسە بكات، ماوەیەك لە نێوان خۆی و ئەویدیكەدا دەبینێت، بۆیە لە قسەكانیدا بە (گومرا – مشرك) دادەنرێت چونكە هەبوونی دوانەیی دەكاتە هەبوونێكی كردەیی. بۆیە فۆرمی (الكمال– تەواو) لە تەوحیددا (لا أنا الا

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

أنا) يە. شێوازەکانی (الأنا و الهو و الأنت) هەموویان ڕەنگدانەوەی ناپێویستی زیادەن لەسەر ماهییەتی یەکێتیبوونی خودی نەمر بۆیە ئەم فۆرمانە وەك پەردەیەکن لەبەردەم تەوحیدی هەقدا.

بۆیە ئەوانەی لە ڕێی "سۆفیگەریدا" پێشکەوتن، ئەم سێ وشانە ( هو،أنت و أنا) لە دەریای فەنابوون و لابردندا (مەحو)دا نقوم دەکەن، لەو دەمەدا هەموو فەرمانەکان و قەدەغەکان و پەیوەندییەکان دەکەون و هەموو ئاماژەکان بزر دەبن،( هەموو شتێك لە ناو ئەچێت تەنیا ڕووی ئەو نەبێت– کل شيئ هالك الا وجهه) ئەمەش پایە بڵندەکەیە. لەبەرئەوەی، لەم جیهانەدا، مرۆڤ لە ناسووتیەتدا گەمارۆدراوە، ناگاتە جیهانی ئەبەدییەت، ئەوەی کە لەسەر ئەو قۆناغێکی دیکە نییە، چونکە کۆتایی بۆ نییە.
بەڵام هەبووی پابەند پرسیار دەکات:"تەسەوف چییە؟" وەڵامدەداتەوە:"یەکەمینی خوایە کۆتاییەکەشی دوێماهی بۆ نییە"

# بەشی دووەم:

# لە بارەی ئەوەی زاناتر بێت، تەواوتر دەبێت

وتەیەکی زانراو هەیە دەڵێ: "خوا هەرگیز وەلییەکی نەزانی نەبووە" خاوەنی گەورەترین شەریعەتەکانیش دروودی خوای لەسەر بێت بە هەموو تەواویی خۆیەوە فرمانی پێکرابوو کە زانستی خۆی زیاتر بکات، خوا ئەو فرمانەی کردووە، " بڵێ حودایە زانینی زاترم بدێ"(وقل ربي زدني علما)
پێغەمبەریش درووود و سڵاوی خوای لەسەر بێت لە یەکێك لە وتە پیرۆزەکانیدا دەڵێ: " ئەوە بەیانی نییە کە بەسەرت دادێ بێ ئەوەی مەعریفەت زیاد بێت"

ئەگەر باری پێغەمبەر درورد و سڵاوی خوای لەسەر بێت ئەمە بووبێت، ئایا باری ئەوانی دیکە چۆن دەبێت.

سەبارەت بەو مەعریفەیەی لە ڕێی کەشفەوە بۆ عارف دێت، دابەش نابێتە سەر دەستبەردان و بۆماوە و بازاڕی(طلاق و خراج و معاملات) چونکە تەنیا زانستە دیاردەییەکان دەکەونە ژێر ئەم دابەشکردنە. لەبەر ئەوەی ئەم زانستە لە ڕێگەی دۆزینەوەی باری وجودی خودی و خودایی و پاراستنی خودایی و ڕێکخستنی ڕژێمی هەبوون و جیهانی مەلەکوت و نهێنییە شاردراوەکانی ئاسمان و زەوییەوە دێت. وەك خوا دەفەرموێت: (بڵێ ئەوەی نهێنی ئاسمان و زەوی دەزانێت ناردوویەتیە خوارەوە)(قل أنزله الذي يعلم السر

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

في السموات والأرض) بەلاّم دۆزینەوەی نهێنی قەدەر و ئاشکراکردنی..کوفرە،( ئەللاّهما تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە تامی ئەو مەقالاتەنایان کردووە) هەروەها پێغەمبەریش درووی خوای لەسەر بێت حەرامی کردووە بە تایبەت کە دەڵێ:( قەدەر نهێنی خوایە مەیدرکێنن) ئەهلی حەقیقەتیش کۆکن لەسەر ئەوەی درکاندنی نهێنی قەدەر کوفرە. هەروەها هەمان شت کۆکن سەبارەت بە زانینی مرۆڤ بۆ هەقیقەت، ئەوەی کە دەرنابڕدرێ لە ترسی ئەوەی نەوەك هەموو کەسێك مومارەسەی بکات، چونکە جوانی جەلالی ئیلاهی و یەکتاییەکەی لەسەر هەموو ئەوانەیە، چونکە مەبەستی هەموو (الواردين)ەکانە، داخوازی هەموو نێردراوێکە، و ئامانجی هەموو توێژەرێکی هەقیقەتە." وقليل من عبادي الشكور" "کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن"

لە سرووشتی مرۆڤایەتیدا سەرباری ئەوەی زیاترین ژمارە لە کردارەکانی مرۆڤ تەنیا "یەك دانە خاڵی چاکەیە" لە ئاسۆی داهێنانی خودایدا، (فما وجدنا فيها غي بيت من المسلمين) بۆیە لە پێکهاتەی کەسدا بەم شێوەیە و بەو کردار و تایبەتمەندییە زۆرانە، و پێکهاتەی سرووشتی مرۆیی بە پێکهاتە زۆرەکانییەوە، جگە لە دەربڕینێك لە یەك توانا کە گەشە دروست دەکات چیدیکە نییە. بۆیە حاڵەتی نوژەنکردنەوەی شوێن هەمان جەوهەری حیکمەتی لەسەر دەڕوا. دوای ئەوە قسە و ڕاگەیاندن باشترە لە دەرنەبڕین وەك ئەم دوو بڕگەیە دەڵێن:

لە قوڕنەی مەیخانەدا خەڵکێکی زۆر نهێنییەکانی لەوحی وجود ئەخوێننەوە
دوور لە نهێنی ئەحوال و ئازاری ئەفلاك

بۆیە ئەزانن، و ئەو کاتە خۆشحاڵ ئەبن و دڵشاد دەبن.

مرۆڤی خاوەنی تێڕوانین و ڕامان، بەردەوام لە شتەکان و هەقیقەتە نامۆکان دەگەڕێ، تا ڕادەیەکی زۆریش بە گوێرەی بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت. حوسەینی کوڕی مەنسور خوا لێی خۆش بێت وتی:" خۆشەویستی لە نێوان دوو خوددا چەسپاو دەبێت کاتێ نهێنییەکی شاراوە لە نێوانیاندا نامێنێت" بۆیە کاتێ کە خۆشەویستی تەواو دەبێت نهێنییە شاراوەکان و زانستە داپۆشراوەکان و قولاچکی شتە هەبووەکان بە شاردراوەیی و بزری نامێنەوە. لێرەوە دوائامانجی تەواوی مرۆڤ هێنانەدی وێنەی هەقی تەعالایە. بۆیە زانستی تەواوی دەبێتە سیفەتێك لە ناویدا، نەزانینیش دەبێتە کەموکورتییەك تێیدا، ئەمەش دەمانگەیەنێتە "ئەوەی زیاتر درك بە هەقیقەتەکانی هەبوونی خۆی بکات ئەو کات باشتر دەبێت" بەکورتی نەزانین ناشیرین و کرێتە.

فەسڵی سێیەم:

سەلماندنی چێژی مرۆڤ و خۆشەویستی بۆ خوای تەعالا

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بەلاّم مەزهەبی قسەکەران و ئەهلی بنچینەکان نەفی توانای برادەرایەتی نێوان خواو مرۆڤ دەکەن، چونکە برادەرایەتی لە لای ئەوان ئارەزووی روحە بۆ بوونەوەری گونجاو، هەقی تەعالاش لە سەرووی هەموو گونجانێکە.لەبە بڵندی لەسەر خەڵك. بە گوێرەی ئەوەی دەیڵێن خۆشەویستی لە پابەندبوونی مرۆڤە بۆ خودا.

بەلاّم ئەهلی مەعریفەت جەخت لەوە دەکەنەوە کە خۆشەویستی و چێژ لەو گونجانەدایە، بەو پێیەی حاڵەتێك نییە لێیان رووبدا بەلاّم هەندێجار رووئەدا کە مرۆڤ حەز لە رەنگێك یان بابەتێك دەکات.سەرباری نەگونجانی هەقیقەتەکەشی لە گەڵیدا. چونکە خۆشەویستی بۆ خوای تەعالا پەیوەندییەك نییە بە لە رێی توانا ئاژەڵییەکاندا دروست بێت، بە تایبەتیش خاڵێکی خودایی هەیە لە مرۆڤدا بە چەقی نهێنییەکانی هەقیقەت دادەنرێت.

ئەم خۆشەویستییەش پەیوەستە بە شادی، خۆشەویستیش لەم وێنەیەدا هەیە و هاتۆتەدی: چێژی کەسێك کە وێنای ئامادەبوونی خۆی دەکات لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، لەم گونجانەشدا بوونی ئارەزوو و عەشقی تێدا نییە، عەشقیش ئەو خۆشەویستییەیە کە سنوورەکان دەبەزێنێ. خۆشەویستیش دەبێتە هۆی سۆز و ئیشتیاق، هەموو موشتاقێك بە زەروورەت شتێکی دیاریکراوی دەستدەکەوێت و شتێکی دیکە نا، چونکە ئەگەر هەموو جوانییەکانی مەعشوقی بەدەستهێنا، (بینەری و بینینی– رائی رویئەتی) نامێنێ، ئەگەر دەسکەوتی هەبوو و هیچی نەزانی ئەوا چێژ و ئارەزووی کەم دەهێنێ، بۆیە هەموو شەوق بەدەستهێنانی شتێکە کە بەدەست نەهاتبوو. کەواتە شەوق کەموکوڕییە، چونکە پێویستی بە وەدەستنەهاتووەکان هەیە.

گووتاری سەلماندنی عەشق مانای بەدەستهێنانی تەواوەتییە بە تەماشاکردنی شت و مەعریفەی بەدەستهێنان. کاتێکیش تەواوەتی دێتەدی دەبێت بە تەماشاکردنی ئەو شتانەی بەدەستهاتوون، ئەوە ئەوا بەدەستهێنەکە لێی غافڵە. کەواتە بەدەستهاتوو تەواوەتی نییە. کاتێکیش چاو بە تەماشاکردنی شتەکان تەواوەتی بەدەستدێنێت.ئەوا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە لە ئیشراقی کەشفی ئیلاهییە بۆ شتە ناسکەکان و چێژی لێوەردەگرێ، گوێ لێبوونیش چێژی گفتوگۆی هەیە. ئەمەش تەواوەتی چێژی گوێگرتنە لە دەنگە ناسکەکان. هەروەها هەستی بۆنکردنیش بۆ بۆنکراوە ناسکەکان، بەم شێوەیەش لە هەموو بارەکاندا روودەدات، و بە هەبوونی هەموو هێزەکان.

ئەگەر تەماشای دەروونی هۆشمەندمان کرد، ئەوە تەواوەتی لە مەعریفەی هەقیقەت و درکپێکردنی هەقیقەتەکانە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بۆیە کاتێك دەروون ئەمە بەدەستدەهێنێ، تەواوەتی لە ڕێی تەماشاکردنی بۆ شتە باڵاترەکانە کە لە ڕێی "هەڵاتنی ڕووناکی هەقیقەتدا" خۆی نیشاندەدا، تەواوبوون بە تەماشاکردنی خوداوە ڕوودەدات، کە وادەکات چێژی گەورە بمێنێتەوە چونکە درککردنێکی بڵندترە.

روحی مرۆڤایەتیش لە لایەن ئەهلی هەقیقەتدا بڵندترە، هەقیقەت لە خودی خۆیدا گەورەترینە" ئەوەی کە زانراوە" بۆیە چێژی پەیدابوو لێی لە زانینی هەقیقەتدا تەواوتر دەبێت، مرۆڤی سست و لاواز هەست بە شادی جووتبوون ناکات هەرچەندە کە بیستوویەتیشی خەڵك پڕ بە هەستەکانیانەوە چێژی لێوەردەگرن. پیاوێکی کۆن گووتوویەتی "باشە ئەوەی تامی نەکردووە نەیزانیوە" گوێدەگرن ئەوەش چیرۆکی سەلماندنی چێژ و خۆشەویستییە:

لە ڕۆژانی ئیمام جونەیدە ڕەحمەتی خوای لێبێت تەشهیرییان بە سۆفیگەری کرد و غولامی خەلیل و ژمارەیەك لە قسەکەران و فوقەهاکان قسەی ناشیرینییان دەربارەی (اخوان التجرید)کرد، هەروەها فەتوای بێباوەڕییان دا. فەتوا و بروانامەیان بۆ هەڵبەستن. لەم کارەساتەدا جونەید خودی خۆی بەدەستهێنایەوە، و میری دڵەکان ئەبولحەسەنی ئەلنوری و ئەلکەتانی و ئەلزقاق و ژمارەیەکی زۆر لە گەورەکانی کۆمەڵەکە دادگەیان بۆ دابەستن و شمشێر بەدەستەکانیش بۆ کوشتنیان ئامادەبوون. چیرۆکی ئەبی ئەلحەسەنی ئەلنوری باش زانراوە پەلەیان لە کوشتنی کرد لە 290ی کۆچیدا.

فەسڵێك: لە کۆتایی کتابدا

خودی مرۆیی دابەشکراو زانستیشی دابەشکراو دەبێت و بەرز نابێت، چونکە مەعریفەتیش لەم بارەدا دابەشکراو دەبێت.و دابەشکردن هۆکاریی دابەشکردنی مەعریفەیە.

حەلاج دەڵێ: "سۆفی قەبوڵ ناکات و قبوڵ ناکرێت، دابەش ناکرێت و زیادناکرێت لە کاتی لە خاچدانیشیدا گووتی: بەسە بۆ کەسێك کە یەکێك جێگای بۆ بکاتەوە (حسب الواحد افراد الواحد لە)

ئەو کەسانەی ئارەزووی دەربازبوونیان هەیە لە تەونی جاڵجاڵۆکە. و جولاندنی نۆزدە پەردەش لە دەروونیان، کە ئەویش پێنج هەستی ناوخۆیی و پێنچی دیکەی دەرەکیە، هەروەها دووانیشیان لە ڕۆیشتندا خێران و لە جوولەی بینراودان، هەفتیشیان لەسەرەخۆن و لە جوڵەی نابینراودان، پێشەنگی هەمووشیان بۆ تۆ سەختە چونکە کاتێك مرۆڤ دەفرێت ، ئەوە ئەم باڵندانە (هەستەکان) لە سەر سەرییەوە دەفڕن و نیگەرانی دەکەن. هەموو باڵندەکان بەتایبەتیش ناوەخۆییەکان، بەرگرییان سەختە کە دوورگەیەکیان لەنێواندا هەیە خەڵکانێك لەسەرینە پێیاین باریکە، کاتێك کە مرۆڤ پشوو دەدات ئەوان لەناکاودا پێیەکانیان دەردەخەن و لە گەرووی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

گیر دەکەن و کۆسپ دەخەنە بەردەم پێشڤەچوونی. تا ئەو رادەیەی ئاوی ژیانی خۆی نابینێتەوە."ئاماژەیەك بۆ ناسکی هەستەکان و چۆنییەتی رێگرتنی لە مرۆڤ لە دیتنی هەقیقەتدا" من گوێم لێبووە ئەگەر کەسێك سواری کەشتی نوح سڵاوی خوای لێبێت بوو و عەسای موسا سەلامی خوای لێبێت لەدەست گرت.ئەوکاتە لێی ئازاد دەبێت. (ئاماژە بە وازهێنان لە بوونی هەستەکی)

نامەی چریکەی سیمرخ تەواو بوو

بە ستایشی خوای تەعالا.